# دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی کوردیدا..
# تیۆریزەکردنی هۆکار و مێژوو

## بۆ هەموومان نابین بە تیرۆریست؟



**عەدالەت عەبدوڵڵا**

**تەوەری سێیەم:**

دوای دیاریکردنی تیۆرییانەی ئەو هۆکارە ستراکتۆرییانەی کە پێمان وایە رۆڵیان هەیە لە تەفسیرکردنی دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریستدا لە کۆمەڵگەی کوردی، ئێستا لە ڕووی تیۆرییەوە تا ڕادەیەك بۆمان ڕوونبووەتەوە کە چۆن هۆکارەکانی ئەو دەرکەوتنە دەدۆزینەوە. بەرچاومان ڕوونە کە گرفتی واقیع لەبەردەم ئایدیۆلۆژیادا (25) لەلایەك و لەلایەکی تر هەریەك لە کایەی سیاسەت، بواری ئابووری، کایەی کۆمەڵایەتی، یان ڕاستتر بڵێین کایە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، باری سایکۆلۆژی، ژیان و پێویستیی رۆحی، بەسەر یەکەوە کۆی هۆکارە ستراکتۆرییەکان زەمینە خۆشکەری دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست پێکدەهێنن.

بۆیــە بــۆ ناســینی خــودی ئــەم مرۆڤــەش بــەردەوام پێویستیمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ هەلومەرجی کۆی ئەو کایە ستراکتۆرییانە، ئەمەش بەو پێیەی مرۆڤ خۆی و تەواوی هەڵسوکەوت و بەهاو بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی لەژێر جەبری ئەو بوار و کایانەن.. بەڵام لێرەدا بەر لەوەی هەر تۆژەرێك بیەوێت بچێتە سەر ئەو کایە و بوارانە، دەبێت وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بداتەوە کە دێتە رێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەویش ئەوەیە: بۆچی ئەو بوار و کایانەی کە لە تیۆریزەکاریی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەبنــە هۆکــاری ســتراکتۆریی زەمینەخۆشــکەر بــۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لەناوماندا، هەمووماننا کەن بە مرۆڤی تیرۆریست و تەنها دەبنە هۆکار بۆ دەرکــەوتنی کۆمــەڵێك هــاووڵاتی و هەنــدێ گروپــی دیاریکراو؟ ئایا ئەگەر هەموو مرۆڤێك لەژێر کاریگەرێتیی ئەو کایە و بوارانەدایە و بەردەوام لە ئاستیاندا لە حاڵەتی پەیوەندی یا ململانێ، ملکەچی یان یاخیبوون، قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە، ناکۆکی یان تەبایی، هەڵکشان یان داکشان، دۆڕان یان بردنەوە، خەمباری یان ئاسوودەیی-دایە، کەواتە ئەو نهێنییە چییە کە رێگا دەگرێت هەمووماں وەك یەك ببینە مرۆڤی تیرۆریست؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە، ئێمە دەتوانین لە پرەنسیپ و حەقیقەتێکی ئاسایی ڕابمێنین و بیر بکەینەوە، پێشم وایە سادەیی ئەو حەقیقەت و پرەنسیپەی کە لە پرۆسەی بیرکردنەوە لەم پرسیارەدا لەدایك دەبێت، برێك یارمەتیی لایەنی پرسیارکەر دەدات بۆ تێگەیشتن لە بابەتی پرسیارلێکراو، لێرەشدا بە وشەیەك مەبەســتمان لــە پرەنــسیپ و حەقیقــەتی جیاوازیی Differance، ئەو جیاوازییەی کە لە چەندین کایە و بواری هەر کۆمەڵگەیەکدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە هەر لێرەوە بەم سەرنجە تیۆرییانەش دەیانسەلمێنین:

ا. ڕاستییەکی سادە کە رۆژانە هەمووماں دەیبینین و بە ئەزموون و ئاگایی درکمان کردووە و هەموو کاتێك خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، ئەوەیە: مرۆڤەکان لە هیچ یەکێك لەو بوار و کایانەی کە بیروباوەڕ و هۆشیاری و بەها و ڕەفتار و هەڵوێستەکانیان جڵەو و ئاراستە دەکەن، وێنەی کۆپیکراوی یەکتر نین. نموونەی یەکەممان کایەی سیاسەتە. ئێمە لەم کایەیەدا دەبینین، مرۆڤەکان، هەموو لایەکیان چوونیەك دەسەڵاتدار و پایەی سیاسی، یان کاربەدەست و پیاوی دەوڵەت نین، بەڵکو لە بەرامبەر دیــاردەی دەوڵەتــدا هەمیــشە هێــزی سیاســیی بەرهەڵــستکاریش هەیە. لەهەمان کایەدا ئاشکرایە مرۆڤەکان هەموویان دابەش نابن بەسەر یەك بیروباوەڕی سیاسیی دیاریکراو و لەناو یەك پارت و ڕێکخراو و چوارچێوەی سیاسیی دیاریکراویشدا کۆنابنەوە، بەڵکو هەر یەکەیان سەر بە زیاتر لە ڕێکخستن و تۆڕ و کەناڵێکی سیاسی و چوارچێوەیەکی حزبین. ئەم جیاوازییە لەنێوان مرۆڤەکاندا لە کایەی سیاسەتدا قووڵبوونەوەیەکی زۆری ناوێت و هەموو لایەکمان بە چاوی پەتی (مجرد) دەیبینین، تەنانەت ئەم پلۆرالیزمە Pluralism سیاسییە لە هەموو رژێمە سیاسییەکانی جیهانیشدا هەیە، چونکە دەگمەنە لە دەوڵەتێکدا تەنها یەك پارت Party هەبێت(26) تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتە رژێمەکەی دیکتاتۆری بێت یان لیبراڵ و دیموکراتیش بێت، چونکە ئەم جۆرە رژێمانە ئەگەرچی لە ڕووی سیستمی حوکمڕانییەوە لەیەکدی جیاوازبن، بەڵام لە جەوهەردا هەمان دۆخی فرەیی دەژین، هەمان دۆخ لە فۆرم Form و شێوازی جیاوازدا. لە رژێمە دیکتاتۆری و گشتگیرەکاندا Totaliter ئەو فرەییە لەژێر زەبری ستەم و تۆقانــدن و توندوتیــژیی دەوڵەتــدا دادەپۆشــرێت و دەچەپێنرێت، بەڵام کۆتایی پێ نایەت و ناسڕێتەوە، بەڵکو هەمیشە هێز و تەوژم و تۆڕی سیاسیی بەرهەڵستکار و جیاواز هەیە کە ئەگەر بە ئاشکراو ڕاستەوخۆش مافی ئازادیی کاری سیاسییان لێ قەدەغە بکرێت ئەوە بە نهێنی و ناڕاستەوخۆ کاری سیاسیی خۆیان دەکەن. هەرچی رژێمە لیبراڵ و دیموکراتییەکانیشە ئەوە ئاشکرایە ئەم جۆرە لە پلۆرالیزم لە دەستوور و سیستمی حوکمیاندا ئیقرار کراوە و بە ناوی ئازادییە سیاسییەکانەوە بە ئاشکرا مومارەسە دەکرێت، بەم مانایەش جیاوازیی سیاسی و

ئایدیۆلۆژیی هێزە سیاسییەکان بە سروشتی خۆیان مرۆڤەکانیش بەسەر ئینتماو پەیوەندییە جیاوازەکاندا دابەش دەکەن. تەنانەت لەناو هەموو هێزێکی سیاسیی دیاریکراودا ئەم دابەشبوونە هەیە، دیاردەی ئینشیقاق/جیابوونەوە و دروستکردنی حزبی نوێ و بەجێهێشتنی مالّی یەکەمی ئینتمای سیاسی و ئایدیۆلۆژی–ش، بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی ژیانی سیاسیی ناو کۆمەڵگەکان، تەنانەت لە ئەوروپا و رۆژئاواشدا ئینتمای سیاسیی ئینسانەکان جێگیر نین و وابەستەی دید و تێگەیشتن و بەرژەوەندی و قازانجی کەسی مونتەمین. لێرەوە هەر مرۆڤێك بەبۆنەی بڕوابوونی بە سیستمێکی دیاریکراوی حوکمڕانی و ئاراستەیەکی خوازراوی بەڕێوەبردنی دەولّەت و ڕێکخستنێکی جیاوازی ژیانی گشتیی کۆمەڵگەو شێوازێکی تایبەتیی پارتایەتیکردن، پەیوەندی بە هێزێکی دیاریکراوەوە دەکات و بەجێشی دەهێڵێت، یان دەبێتە دۆست و لایەنگیری، یان لانی کەم هاوسۆزی لە ڕووی سیاسییەوە. بێگومان جیاوازیی ئینتیمای سیاسییش واتە ناچوونیەکیی سیاسی، ئەمەش لە ئەنجامدا واتە ململانێ و پێشبڕکێ، یان بەریەککەوتن و ناکۆکی. ئەگەر یەکێك لە سیماکانی ئەم کایەیەش، کایەی سیاسی، بریتی بێت لەم دەرئەنجامە، ئەوە ئەودەم ئەوەی سروشتی ئەو ململانێ و کێبەرکێیانە، یان ئەو بەریەککەوتن و ناکۆکییانە، یان ئەو ئینتیما و وازهێنانە دیاریدەکات کە بیروباوەڕی سیاسیی مرۆڤ و گروپ و لایەنە ململانێکان و ناتەباکانە. بەم مانایەش، ئێمە لەناو کایەی سیاسەتدا چوون یەك نین، بەڵکو وەك چۆن بەرژەوەندی و ستراتیژ و تەماحی دەسەڵاتخوازیمان هەیە، ئاوهاش جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و سیاسییمان هەیە، پارتی چەپڕەومان هەیە و پارتی ڕاستڕەو، هێزی دینیمان هەیە و هێزی عەلمانی، ڕێکخراوی سیاسیی مارکسیمان هەیە و هی ناسیۆنالیستی، گروپی میانڕەومان هەیە و گروپی تری توندڕەو، بۆیە هەمووشمان بە سەرەنجام یەك شت نین و مەرج نییە وەك یەك پەنا بەرین بۆ ئەوەی ببینە مرۆڤی تیرۆریست.

ب: ئەگەر لە چاوی کایە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو نهێنییە بدۆزینەوە کە بۆچی هەموومان نابینە کەسی تیرۆریست، ئەوە خۆمان لەبەردەم هەمان هاوکێشەی پێشوودا دەبینینەوە و دەشتوانین یەك کتێبی تەواو لەم بوارەدا بنووسین و بگرە ئەو شتەی پێی دەوترێ کۆمەڵگە بە تەواوی هەڵبوەشێنینەوە و پارچە پارچە و دابەشی بکەین بەسەر دەیان هێز و گروپ و چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیی جیاجیادا، تا دەگاتە خوارترین پلەی کۆبوونەوەی ئینسان. بێگومان ئێمە لێرەدا تەنها چەند نموونەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرین. لەم ڕووەوە دەڵێین: ئەگەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، یان بە کۆمەڵایەتیبوون، وەك سۆسیۆلۆژ–ی بەناوبانگ "ئەنتۆنی گیدنز" دەیلێت(27)، لە چەندین چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی جیاجیا پێکهاتبێت، لەوانە بنەماڵە، قوتابخانە، ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، وەك دامودەزگاو کەناڵە جیاجیاکانی میدیا، چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی پیشە و کار، ئەوە ئاشکرایە دنیایەك جیاوازی دەکەوێتە نێوان مرۆڤەکانەوەو هیچیان لەیەکدی ناچن. لەلایەکی دی، ئەگەر ئەو پێناسەیەی سۆسیۆلۆژ پرۆفیسۆر ( میشێل) قبوڵ بکەین کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیمان بەوە پێ دەناسێنێت کە پرۆسەی گۆشکردنی تاکە بە بەها و پێوەر و چەمکەکانی کۆمەڵگەکەیەوە(28) ئەوە دیسانەوە ڕوونە کە ئەو پرۆسەیە چوونیەك بەر هەموو مرۆڤێك ناکەوێت. ئەگەر لەسەر ئاستی خێزان و بنەماڵەکان سەیر بکەین، دەبینین، وەك زۆر چوارچێوەی تری کۆمەڵایەتی، چوونیەك باوەڕیان بە بەها و بیروباوەڕ و چەمکەکانی کۆمەڵگە نییە و بگرە لە بنەڕەتدا دیاریکردنی ئەو بەهاو پێوەر و چەمکانە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی دنیاشدا، بە شێوەیەکی دیموکراتییانە بێت یان توندوتیژ Violence، بە ئاگاییەوە بێت یان نائاگایی، لە ئاستی تیۆریدا بێت یان پراکتیکی، جێی گرفت و مشتومڕ و جیاوازی و ململانێن، ناکۆکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کۆمەڵگەکانیش چین جگە لە نموونەیەك بۆ ئەم ڕاستیە. بێ لەوە، نابێ بیرمان بچێت کە ئەم یەکە کۆمەڵایەتییە

(خێزان/بنەماڵە) خۆیشی خاوەن دابونەریتی کۆمەڵایەتی Traditions و زمان یان شێوەزار و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی بۆماوەیی خۆیەتی و تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، کە مەرج نییە لە تەواوی یەکە کۆمەڵایەتییە هاوشێوەکانی خۆیدا هەبێت. لە نموونەی کۆمەڵگەی کوردیدا، تۆ دەبینیت هەر خێڵێ Tribe و عەشیرەت و بنەماڵەیەك بڕێکی دیار لە جیاوازیی نەریت و زمان، یان شێوەزار و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتییان لەنێواندا هەیە و بە هۆیانەوە داکۆکی لە جیاوازیی شوناسی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەکەن. ئەگەر لە نموونەی هەندێ ناوچەی کوردستانەوە سەیر بکەین، دەبینین هێشتا ململانێ و ناکۆکیی خێڵەکی نەبڕاوەتەوە و بگرە زۆر خێڵ و بنەماڵە و خێزان هەیە بەسەر خۆیاندا داخراون و هیچ تێکەڵاوییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لەنێوانیاندا نییە. بێگومان ئەمانەش بەئەنجام هێندەی دی جیاوازی دەخەنە شێوەو جۆری پێگەیاندنی مرۆڤەکانەوە. بە مانایەکی دی، خێزان  و بنەماڵە هەیە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی داخراو یان کراوەیە، پارێزگار (محافظ) یان گۆڕانخوازە، خوێندەوارە یان نەخوێندەوار، دەسترۆ یان هەژار و دەستکورتە، ئاینگەرا یان مۆدێرنە، شارنشین یان لادێ نشینە، کشتوکاڵکار یان سەنعەتکارە، یان چەندین جیاوازی تر کە دواجار پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوەو لەئەنجامدا مرۆڤەکانیش چوونیەك هەڵناکەون. دیارە هەموو ئەو قەوارە کۆمەڵایەتییانەش ئەمڕۆ لە بواری زانستی سۆسیۆلۆژیادا جێی لێکۆڵینەوەی ورد و دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندێتیانەن کە هەریەکەیان هەیانەو لەویدیان جیادەکاتەوە.

ئەگەر لەسەر ئاستی قوتابخانەش نیگا بگرین، ئاشکرایە ئەم یەکە کۆمەڵایەتییە پەروەردەییەش دیسانەوە بە ئاسانی توانای پەروەردەکردنێکی چوونیەکی قوتابییەکانی نییە، هەروا لە خۆوە ناتوانێت هەموو لایەك بهێنێتە ژێر باری سیستمی پەروەردەیی و فێرکردنەوە، چونکە قوتابخانە دواجار دێتە سەر میراتی ژینگەی یەکەمی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە ژینگەی خێزانە، بۆیە دەبینین ئەم یەکە پێگەیەنەرەش تەنها وێستگەیەکی تری پێگەیاندنەو هیچ دی، واتە ئەویش بەو شێوەیەی دەویسترێ ناتوانێت دەستکارییەکی ڕادیکاڵی جیاوازییە جەوهەری و خولقییەکانی کەسی پێگەیەنراو بکات، بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە ئێمە دەتوانین بە ئاسانی لە نهێنیی جیاوازیی ئاستی زانستیی نێوان پێگەیەنراوان تێبگەین، لەوە حاڵی بین بۆچی توانای فێرخوازان و قوتابیان و پلەی ژیری و زیرەکی و ئاکارییان وەك یەك نییە، تەنانەت لەوەش تێبگەین بۆچی ئاستی وانەوتنەوە و توانای فێرکردن لای لایەنی دووەمی هاوکێشەکە، واتە لای پێگەیەنەرانیش ، کە پێشتر بە قۆناغ و چوارچێوە جیاوازەکانی پێگەیاندا تێپەڕیون، لەیەکدی جیاوازن. بە مانایەکی ڕوونتر، نابێ بیرمان بچێت کە قوتابخانەش دواجار وەك دەزگایەکی پێگەیاندنی مرۆڤەکان بە ئاسانی ناتوانێت کۆی ئەو جیاوازییە ڕیشەییانە نەهێڵێت کە لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەویش زۆرجار دەبێتە کەناڵێکی تری بەرهەمهێنانی جیاوازی لە ڕووی پەروەردە و فێرکردن و پێگەیاندنەوە، هەر بۆیە کاتێك کە مرۆڤەکان دەکەونە ناو ئەم کایە کۆمەڵایەتییانەوە، ئەوە چوونیەك پێناگەیەنرێن و پێناگەن، هەر لەبەر ئەوەشە هەموو کەسێك وەك یەك لەو ئەگەرەوە نزیك نییە کە بە بۆنەی ئەم کایە کۆمەڵایەتییەو کێشەکانی و تواناکانی لە پێگەیاندندا، ببێتە مرۆڤی تیرۆریست.

بێگومان ئێمە هەر لە چوارچێوەی کایە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانین دەیان نموونەی دی بهێنینەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی : بۆچی چوونیەك نابین و جیاوازی لەنێوانماندا هەیە و لەسەروبەندی ئەمەشەوە هەموو کەسێك ئەوە هەڵنابژێرێت کە ببێتە کەسی تیرۆریست. نموونەی ترمان بیرخستنەوەی ڕۆڵی کەناڵەکانی میدیایە کە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەن و دۆخێکی گلۆباڵیان وەرگرتووە و بوونەتە سەرچاوەیەکی تری پێگەیاندنی مرۆڤ و جڵەوکردنی

هۆشیاری و ئیشکردن لەسەر عەقڵ. ئێمە لەم ڕووەوە دەتوانین بەپێی جیاوازیی گوتار و سیاسەت و ڕێبازی ئەو کەناڵانە و پرۆگرامەکانیان، لەوە تێبگەین کە چۆن مرۆڤەکانیش دواجار لەژێر کاریگەرێتییاندا دەبنە خاوەن زانیاریی دیاریکراو و ڕۆشنبیری و زەوق و ئارەزوو و وەرگرتنی جیاواز و، هەر لێرەوە بینینی ئەو حەقیقەتەش کە چۆن چیدی، بەتایبەتیش لەگەڵ میدیای گلۆباڵ و دیاردەکانی وەک سەتەلایت و ئینتەرنێت و گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و ڤیدیۆ و سیدی و دی ڤی دی–یەکاندا، مەحاڵە پێمان وابێت کە دەتوانرێت مرۆڤەکان لەو بوارەی پێگەیاندندا چوونیەک بکرێن و هیچ جیاوازییەکانی نێوانیان نەهێڵرێت و بسڕدرێتەوە.

ج: ئەگەر بچینە سەر ئاستی باری ئابووری، ئەوە بێگومان لەم ئاستەشدا دەبینین نابەرامبەری و جیاوازیی گەورە و بەڵگەنەویست هەیە لەنێوان مرۆڤەکانداو بە هیچ جۆرێک چوونیەک نین. لەم ڕووەوە، هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان جیاوازیی چینایەتی و پیشەییان تێدایە. هەموو کۆمەڵگەیەک، وەک مارکس دەڵێت، وابەستەی واقیعی ئابووریی خۆیەتی و هەموو مرۆڤێکیش بەرهەمی کار و پیشەکەی دەچنێتەوە و دەخوات. لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگەیەکیش زیاتر لە کار و پیشە و وەزیفەیەکی تێدایە، ئەوە باری ئابووریی مرۆڤەکانیش یەکسان نییە، وەک یەکسان نییە، بەردەوامیش لە گۆڕان و وەرچەرخاندایە، بەڵام بەبێ ئەوەی گرفتی ئەو نایەکسانییە، کە گرفتێکی ستراکتۆرییە، وەک گرفتێکی مێژوویی و مێژووکرد کۆتایی پێ بهێنێت. بە رستەیەکی ڕوونتر، ئێمە بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە هەموو مرۆڤەکان چوونیەک ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمە ئابوورییەکان و کێشەو گرفتەکانی گوزەران و خۆ ژیاندن نابنەوە، داهاتی ساڵانەی مرۆڤەکانیش بەرامبەر ناوەستن. لەلایەکی تر، گیانی پێشبڕکێکردن Competition بۆ کۆکردنەوەی سامان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی جیاوازی دەخەنە نێوان هەلومەرجی ئابووریی مرۆڤەکانەوە. بە کورتی توانا مادییەکانی مرۆڤ، دواجار بەندە بە سروشتی ئەو کار و فرمانانەی کە مرۆڤ هەیەتی، بۆیە لە ژیاندا چوونیەکیش هەڵوێست لە ژینگە و دەوروبەری خۆیان وەرناگرن و ناچنە بەردەم ئەگەری ئەوەی وەربچەرخێن بۆ مرۆڤی تیرۆریست.

د: ئەگەر لەسەر ئاستی دۆخی سایکۆلۆژییش بڕوانینە ئەم مەسەلەیە، ئەوە گومانی تیادا نییە کە جارێکی دی جیاوازیی بەرچاو هەیە لە شێوە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و حەز و ئارەزوو و ئاگایی و نائاگاییی مرۆڤەکاندا. لەم ڕووەوە، دەبێ ئەو خاڵە لەبەرچاو بگرین کە مرۆڤەکان لەم بوارەدا هەریەکە و خاوەن سایکۆلۆژیایەکن کە بەرهەمی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییانە. ئاشکرایە هەلومەرجی مرۆڤەکان لەو کایە و بوارانەدا ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر باری سایکۆلۆژیی مرۆڤەکان بەجێدەهێڵێت، نموونەی هەرە سادەش ئەوەیە: ئەو مرۆڤەی کە توانای ئابووریی ناهەموار بێت ئەوە توانای خاوەندارێتیکردنیشی سنوردار دەبێت، ئەو مرۆڤەیش کە ئاستی ڕۆشنبیریی نزم بێت، ئەوە بێگومان هەست بە کەمی دەکات، ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە نالەبار بێت، ئەوە تووشی نائومێدی و سەرگەردانیی سیاسی و هەندێجار بێ ئینتیمایش دەبێت، ئەمانەش تێکڕا هەقیقەتی بەڵگەنەویستن و ڕۆڵیان هەیە لەسەر جڵەوکردن و ئاراستەکردنی سایکۆلۆژیای مرۆڤ. بۆیە دیاردە سایکۆلۆژییەکانی ئەم بوونەوەرە غەریزییە، بە دیوە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیانەوە، یان بە ڕەهەندە مرۆڤدۆست و مەرگدۆستەکانیانەوە، یان بە ئاراستە ئاشتیخواز و شەڕەنگێزەکانیانەوە، وابەستەی هەلومەرج و دۆخی مرۆڤن لەو بوار و کایانەدا. جیاوازییەکانی مرۆڤیش لەو ئاستانەدا بێشك لەسەر ئاستی سایکۆلۆژییش جارێکی دی خۆیان بەرهەمدەهێننەوەو سایکۆلۆژیای جیاواز جیاوازمان بۆ دروست دەکەن: مرۆڤی سادی یان مرۆڤی مازۆخی دێننە گۆڕێ ، مرۆڤی ڕەشبین یان مرۆڤی گەشبین، مرۆڤی میانڕەو یان مرۆڤی توندڕەو، مرۆڤی بێوەی یان مرۆڤی شەڕانگێز، مرۆڤی لێبوردە یان مرۆڤی

تۆڵەئەستێن، مرۆڤی ڕقلەبەر (حاقد) یان دڵپاك، مرۆڤی خۆشباوەڕ یان مرۆڤی بەدگومان و..هتد. هەر لێرەوەش جارێکی دی بۆمان ساغدەبێتەوە، بۆچی جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە و هەموو یەك چارەنووسیان نییە و لە واقیعی ئێمەشدا چوونیەك موعەرەز نین پەنا بەرن بۆ ڕەفتاری تیرۆریستییانەو ببنە مرۆڤی تیرۆریست.

ه: ئاستێکی تر کە لێیەوە وەڵامی پرسیاری ئەم تەوەرەمان دەست دەکەوێت، لایەنی روحیی ئینسانە. ئێمە لەم لایەنەشەوە دەتوانین ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و فەردییە ببینین کە لەنێوان مرۆڤەکانماندا هەیە. بۆ نموونە ئەگەر ئەم ڕەهەندەی ژیانی ئینسان، وەك پێشتریش دیاریمان کرد، وابەستەی پرسیارکردن بێت لە سروشتی گەردوون و بوون/وجود و رۆڵی خودا لە خەلیقەت، پاشان بوون و گرنگیی خودا بۆ مرۆڤ و رۆڵی مرۆڤ لە خوداپەرستی و پیرۆزکردنی و پابەندبوون بە فەرمانە ئاسمانییە پیرۆزەکان و زانینی سروشتی ژیانی یەکەم و پەیوەندیی ئەو ژیانە بە ژیانی دووەم/ ئاخیرەت و بنەڕەتیی مرۆڤ و چارەنووسی کۆتایی(29)، ئەوە ئاشکرایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و ململانێ لەسەر ڕاستی و دروستیی وەڵامدانەوەیان دیاردەیەکە هەزاران ساڵە هەیە و ڕەگی قووڵی داکوتاوەو شارستانییەتە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی (شارستانییەتی رافیدەین، سۆمەری، بابلی، ئاشووری، فرعەونی..هتد) وەڵامی خۆیان بۆی هەبووە تا دەگاتە سەر ئاینە زەمینییەکانی وەك بوزی و کۆنفۆشیوسی و هندۆسی و باوەڕە بتپەرستییەکان و تا سەرهەڵدانی ئاینە ئاسمانییەکانی وەك جولەکە و مەسیحییەت و ئیسلام(30) تا دەچێتەوە سەر فەلسەفەی گریکی و دەستپێکردنی فەلسەفەکانی دی، بەتایبەتیش فەلسەفە میتافیزیکییەکان کە فەلسەفەگەلێکن لە بنەڕەتی گەردوون و حەقیقەتی بوون و بنەمای خەلیقەت و دامەزران و چارەنووسی روح و مردن و زیندووێتی.. دەکۆڵنەوە(31) لەلایەکی دی، ئاشکرایە هەر کایەیەك کە بایەخ بە لایەنی روحیی ئینسان دەدات، بەتایبەتیش کایەی ئاین Religion و فەلسەفە Philosophy ، ئەوانیش بە دەوری خۆیان دابەش دەبن بەسەر چەندین ئاراستە و قوتابخانە Schoolو بیروڕاو مەزهەب و ڕێچکەی جیاوازدا. ئەگەر نموونەی ئاینە ئاسمانییەکان وەربگرین، ئەوە دەتوانین ئەم دابەشبوونە لە زۆرترین ئاستدا ببینین، چونکە وەك نموونە، ئاینی مەسیحی خۆی وەك ئاینێکی تەوحیدی دابەشدەبێت بەسەر چەندین بیروباوەڕو ئاینزای دینیی فەرعیدا کە سەرەکیترینیان کاسۆلیك و پرۆتستانت و ئەرسەزۆکس-ە. ئیسلام-یش لای خۆیەوە بەسەر سوونە و شیعە و خەوارجدا دابەشدەبێت، ئەمە جگە لەوەی هەر یەکێك لەو ئاینزایانەش لە شوێنی خۆیانەوە، ئاسۆییانە دابەش دەبن بەسەر چەندین لق و ئاراستە و ئەنگێزەی تری دینیدا. کۆی ئەم جیاوازی و دابەشبوونانەش دواجار دەیسەلمێنن ڕەهەندی روحیی ئینسان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گۆشەگیر نین، بەڵکو هەموو مرۆڤەکانیش لای خۆیانەوە بەپێی ئەو دابەشبوون و جیاوازییانە بواری روحیی خۆیان ئاراستە دەکەن و وەڵامی پرسیارە وجودییەکانیان دەدەنەوەو قەلەقییە روحییەکانیان چارەسەر دەکەن، هەڵوێست وەرگرتنیشیان لە ژینگە و دەوروبەر و واقیع، تەواو وابەستەی ئەو پەروەردە روحییەیە کە پێی پەروەردە دەکرێن.

هەر لەم کایەیەدا، بێگومان دەبێ ئەوەش بیر بخەینەوە کە زۆرجار ئەوە تەنها ئاین نییە وەڵامی ئەو پرسیارە وجودی و قەلەقییە روحییانەی ئینسان دەداتەوە، تەنها پیاوانی ئاینیش نین دەبنە مامۆستای مرۆڤەکان و وانەی ئەخلاقی و دینییان پێدەڵێنەوەو گرنگی بە لایەنی روحییان دەدەن و دەیپارێزن، بەڵکو وەك ئاماژەمان بۆ کرد، فەلسەفەش یەکێکە لەو بوارانەی کە خۆی لە لایەنی روحیی ئینسان دەدات. بە مانایەکی تر، وەك د. فوئاد زەکەریا-ی بیرمەند دەڵێت: مەیدانی بایەخدانی فەلسەفە، لانی کەم لە وێنە سوونەتییەکەیدا، زۆر جیاواز نییە لە مەیدانی بایەخدانی ئاین(32)، ئەمە مانای ئەوەیە بواری فەلسەفەش دەبێتە سەرچاوەیەکی

دی بـۆ جیـاوازیی نێـوان ئینـسانەکان لـە لەلایـەنی روحییەوە.

هەڵبەتە ئێمە لەم بـوارەدا دەتـوانین چـەندین ئاسـتی دیکە بشکێنین و وەك نموونە بیانهێنینەوە بۆ دەرخـستنی جیاوازیی لایەنی روحیی نێوان ئینسانەکان، بـەڵام لێـرەدا بەوەنـدە وازدەهێـنین و بـە یـەك رسـتەش ئـەنجامگیریی ئەوە دەکەین کە مرۆڤەکان کۆمەڵێك جیاوازیی سیاسـی و فکری و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و سـایکۆلۆژی و روحیـی بەرچاو لەنێوانیانـدا هەیـە، ئـەو جیاوازییانـە دواجـار بـەر بەوە دەگرن چوونیەك بیربکەنەوە و ڕەفتـار بکـەن، هـەر لەبەر ئەوەش مرۆڤەکان وەك یەك نین و هـەموویان نابنـە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای تیرۆریستی و کەسی تیرۆریست.

**تەوەری چوارەم:**

تیۆریزەکردنی مێژووی دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست؟

دوای ئـەوەی لـە تـەوەری سـێیەمدا باسمـان لـەو جیاوازییانە کرد کە لە هەریـەك لـە بـوار و کایـەکانی وەك سیاســەت و ئــابووری و کۆمەڵایــەتی و ســایکۆلۆژی و روحــی، لــەنێوان مــرۆڤ و گروپەکانــدا هەیــەو ئــەو جیاوازییانەشمان کردە هۆکاری دەرنەکەوتنی چوونیەکی مرۆڤەکان لە بەرگی ئەو مرۆڤەی کە پێـی دەڵـێین مرۆڤـی تیرۆریـست، ئەمــە لــە کاتێکـدا کــە هــەموو مرۆڤــەکان چوونیەك لەناو ئەو کایەو بوارانەدا دەژین، لەم تـەوەرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوەو دەبـێ وەڵام بدرێتـەوە، پرسیارەکەش ئەوەیـە: ئایـا مێژوویـەکی دیـاریکراو هەیـە تیایـدا زەمینــە خــۆش ببێــت بــۆ دەرکــەوتنی مرۆڤــی تیرۆریست تا کۆمەڵگەی ئێمەش لەبەر رۆشـنایی ناسـینی ئــەو مێــژووەدا ببێتــە خــاوەن پــرۆژەی خــۆی بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی تیرۆریــزم و بــۆ بــەرگرتن لــە دروستبوونی مرۆڤی تیرۆریست لە واقیعی خۆیدا؟

لەم تەوەرەدا ئێمە وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە دابـەش دەکـەین بەسـەر دوو باسـدا، یەکـەم: مەرجـەکان، واتـە ئـەو مەرجانـەی کـە دەبـێ ڕەچـاو بکـرێن لـە هـەر پرۆسـەیەکی تیـۆریزەکردنی ئـەو مێـژووەی کـە مرۆڤـی تیرۆریـستی تیـادا هەڵدەکەوێت. دووەم: گریمانەکان: واتـە گریمانـەکردنی چـەند هۆکارێـك کـە دەکرێنـە سەرچـاوەی دەرکـەوتنی مرۆڤــی تیرۆریست.

**مەرجەکان:**

ئیشکالییەتی پێناسەکردن و ناولێنان

لـە ڕووی هۆشـیاریی تیۆرییـەوە، پێویـستە ڕەچـاوی ئەوە بکەین کە ئیشکالییەتێکی گەورە هەیە لە ڕێـی هـەر پرۆسەیەکی تیۆریزەکردندا بۆ ئـەو مێـژووەی کـە مـرۆڤ و گروپی تیرۆریستی تێدا هەڵدەکـەوێت، مەبەسـتم لێـرەدا ئیشکالییەتی پێناسەکردنی تیرۆریزم و دیاردەی تـیرۆرە. دیارە لە پێشەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەك گرفتێـك لـە گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکـە، ئاماژەمـان بـەم ئیـشکالییەتە داوە، لەوێدا ڕوونمـان کردۆتـەوە کـە پێناسـەی تیرۆریـزم ئەوەیە: دیاردەیەکە زیـاتر لـە پێناسـەیەکی بـۆ کـراوە و هەڵگری ناسنامەیەکی دیاریکراو نییە، بگـرە لەسـەر ئـەم دیاردەیــە و دەستنیــشانکردنی، نــاکۆکیی تیــۆری و ئایدیۆلۆژی و لە سەرووبانەوە ناتـەبایی سیاسـیی گـەورە لە جیهان و لەسەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی هەیـە. لەلایـەکی دی، چـەمکی تـیرۆر خۆیـشی، بـەپێی بـوارە زانـستییە تایبەتمەنــدەکان دەگۆڕێــت و یــەك شــت نییــە. دوو نووسەری شارەزای ئەم بوارە دەڵێن: تیرۆر، لە روانگـەی توێژەری زانستیی کۆمەڵایـەتی، جیـاوازیی هەیـە لەگـەڵ بۆچوونی شارەزا لە بواری سیاسەت، فەلسەفە، ئابووری، یــان زانــستەکانی تــاوان و شــارەزایانی یاســای نێودەوڵەتی(33) ڕاستە تیرۆریزم کێشەیەکی جیهانییـە، بـەڵام چـەمکێکی جیهـانی نییـە، هۆکـاری بنـەڕەتی ئـەم جیاوازییــەش لــەنێوان زۆرێـك لــە وڵاتـان و کۆمەڵگەکانـدا ئێجگـار زۆرەو بەشـبەحاڵی خـۆم لـە لێکۆڵینەوەیـەکی ســەربەخۆدا لەســەری ڕاوەســتاوم.(34) بۆیــە لــەو ســۆنگەیەوە، دەمانــەوێ بڵــێین: ئەگــەر تیرۆریــزم پێناسـەیەکی دیـاریکراوی نـەبێت، ئەگـەر ئـەم دیاردەیـە بارگـاوی بێـت بـە زیـاتر لـە تێگەیـشتن و دنیـابینی و

نرخاندنێك، ئەوە بێگومان لە ڕووی لۆژیکیشەوە بێمانایە پێمان وابێت زەمەنێکی دیاریکراو هەیە هەر کە هاتە پێشەوە ئیدی تیایدا لە هەموو جوگرافیاو سەرزەمینێکی ئەم ئەستێرەیەدا چوونیەك مرۆڤی تیرۆریست هەڵدەکەوێت، چونکە گریمانەیەکی وەها، جگە لەوەی نازانستییە و مۆرکێکی موتڵەقگەرای هەیە و بارگاوییە بە تێگەیشتنێکی شمولیی هەڵە، واقیعی کۆمەڵگە مرۆییەکانیش پشت ڕاستیناکاتەوە، هۆکاریش ئەوەیە، ئەوەی لە سەرزەمینێکی دیاریکراودا ناوی لێدەنرێت تیرۆریزم، دەشێت لە سەرزەمینێکی تردا ناوی دیکەی هەبێت، وەك ناوی: کاری شۆڕشگێڕانە، خەباتی نەتەوەیی، ڕاوەستان بەڕووی داگیرکەردا، بەرەنگاریکردنی ئیمپریالیزم و..هتد، واتە ئیشکالییەتی پێناسەکردن، ئیشکالییەتی ناونانیشە لە دیاردەکە، بەڵام ئەگەر بێت و ئەم ئیشکالییەتە لە هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا یەکلایی کرایەوە، ئەوە بێگومان ناساندنی مێژووی دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست-یش نابێتە پرۆسەیەکی گرفتدار، بەڵکو گرفتەکە تەنها لەو کاتەدا سەرهەڵدەدات کە لە کۆمەڵگەو وڵاتێکی دیاریکراودا، لەسەر پێناسەکردنی دیاردەکە و ناولێنانی، ناکۆکی و ناتەبایی قووڵ لە نێوان هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت.

## جیاوازیی کولتووری

دەبێ ئەوە بزانین کە هەر کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگە مرۆییەکان، یان هەر وڵاتێك خاوەنی کولتوور Cultureو شارستانییەتێکی دیاریکراو و جیاواز-ی خۆیەتی، بەپێی ئەم جیاوازی و تایبەتمەندێتییەش مەرج نییە ئەو مێژووەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا زەمینەی تێدا خۆشدەبێت بۆ دەرکەوتنی دیاردەی تیرۆریزم، لە کۆمەڵگەکانی تری جیهانیشدا هەمان دیاردە بەرهەم بهێنێت، بەڵکو هەر کۆمەڵگە و وڵاتێك بەپێی خیبرەو ئەزموونی مێژوویی خۆی و کەلەپوور و کولتووری خۆی ستراتیژێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زەمەنە شوومەی کە بە ڕوویدا دەتەقێتەوەو دەبێتە مایەی شڵەژاندنی کۆمەڵگە. بە مانایەکی تر، سیاسەتی ڕووبەڕوونەوەی ئەو مێژووەی کە پێشبینی دەکرێت ئەگەرێك لە ئەگەرەکانی بریتی بێت لە دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، لە کۆمەڵگەو وڵاتێکەوە بۆ کۆمەڵگەو وڵاتێکی دی چوونیەك نییەو بڕێکی زۆر جیاوازیی تێدایە، ئەم جیاوازییە، لە ئاستێك لە ئاستەکاندا، بەرهەمی جیاوازیی نێوان کولتووری کۆمەڵگەو وڵاتان خۆیانەو هەر لەوێشەوە سەرچاوە دەگرێت (35).

## فرە ڕەهەندیی دیاردەی تیرۆر

لەلایەکی ترەوە، گومانی تیادا نییە هێز و گروپە تیرۆریستییەکان تەنها یەك ئاراستەو سیاسەت، یان یەك ئامانج و سیستمی بیرکردنەوەیان نییە، ئەگەرچی زۆرجار هەوڵدەدرێت دەستنیشان بکرێت و کورت بکرێتەوە. بەپێی هەندێ سەرچاوە چەندین شێوازی تیرۆر لە جیهاندا هەیە، لەوانە: تیرۆری شۆڕشگێڕانە- ناوخۆیی- ناڕەسمی، تیرۆری شۆڕشگێڕانە- ناوخۆیی- ڕەسمی، تیرۆری شۆڕشگێڕانە- نێودەوڵەتی- ناڕەسمی، تیرۆری شۆڕشگێڕانە- نێودەوڵەتی ڕەسمی، تیرۆریزمی دژ بە شۆڕش- ناوخۆیی-ڕەسمی، تیرۆریزمی دژ بە شۆڕش- نێودەوڵەتی- ناڕەسمی، تیرۆریزمی دژ بە شۆڕش- نێودەوڵەتی- ڕەسمی)(36). بێگومان جگە لەم شێوازانەی تیرۆر، ئێمە دەتوانین چەندین شێوازی تریش ببینین، لەوانە: تیرۆری دەوڵەت، تیرۆری ئۆپۆزسیۆن، یان تیرۆری سیاسی، تیرۆری دینی، یان تیرۆری کۆمەڵایەتی، تیرۆری ئەخلاقی، ئەم پۆلێنکردنەش بۆ ئەم دەرکەوتە جیاوازانەی شێوازەکانی تیرۆر، بەو مانایە نییە کە پەیوەندیی ئۆرگانی لەنێوان هەندێ لە شێوازە جیاوازەکانی تیرۆردا نییەو سنووری پۆڵاین لێکیان جیا دەکاتەوە، نا، بەڵکو ئەم پۆلێنکردنە تەنها بە مانای هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان لە یەکتر و لە بنەڕەتدا پۆلێنکردنێکە حەقیقەتێکی ڕێژەیی هەیە و ئەتەکێتی تۆژینەوەی زانستی دەیسەپێنێ، مەبەستیش

لە باسکردنی جیاوازیی فۆرم و شێوازەکانی دیاردەی تیرۆر لە پەیوەندیدا بەم خاڵەی ئەم تەوەرەوە ئەوەیە بڵێین: هەر تیۆریزەکردنێکی ئەو مێژووەی کە زەمینە خۆشدەکات بۆ دەرکەوتنی مرۆڤ و گروپی تیرۆریست، مەحکومە بەوەی تایبەتمەندێتییەکانی فۆرم و شێوازەکانی دیاردەی تیرۆر ڕەچاو بکات و بە یەکتریان تەماهی و تێکەڵ نەکات.

## ململانێی ناو کایە و بوارەکان

خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، مەبەستی ئێمە لە تێۆریزەکردنی مێژوو، تیۆریزەکردنی کۆمەڵێك هەلومەرجی دیاریکراوە، بەڵام ئاشکرایە پێشوەخت دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو هەلومەرجانە لە خۆیانەوەو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دروستنەبوون، بەڵکو زادەی هەموو ئەو بوار و کایانەن کە پێشتر ناومان بردوون. لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو کایەو بوارانەش بەتاڵ نین لەو هەڵوێستانەی کە مرۆڤ لێیانی وەردەگرێت، مەبەستم هەڵوێستی پەیوەندی یا ململانێ، ملکەچی یان یاخیبوون، قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە، ناکۆکی یان تەبایی، هەڵکشان یان داکشان، دۆڕان یان بردنەوە، خەمباری یان ئاسوودەگی–یە، ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیش کایە و بوارەکان سروشتێکیان هەیە قابیلی ئەوەن گۆڕانیان بەسەردا بێت و وەکو خۆیان نەمێننەوەو وەربچەرخێن، یان لە کایەگەلێکی تەندروستەوە بۆ کایەگەلێکی نەخۆش و دەردەدار، یان بە پێچەوانەوە.

بەو مانایانەی سەرەوە، بێگومان ئێمەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاتێك دەمانەوێ ئەو مێژووە تیۆریزە بکەین کە تیایدا ئەگەری دەرکەوتنی تیرۆر و مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکەنە ئەگەرێکی مەعقول و مومکین، ئەوە پێویستە ئەم حەقیقەتە تیۆری و زانستییانە ڕەچاو بکەین:

1.ئەو مێژووەی تیۆریزە دەکرێت مێژوویەکی قەدەری نییە، شتێك نییە یەزدان لە ئەزەلەوە لە نێوچاوانمانی نووسیبێت و بۆمانی بڕیبێتەوە، بەڵکو مێژوویەکە، وەك وتمان، زادەی جەبری ستراکتۆرەکان و پاشان ئەنگێزە و ململانێ و ڕەفتار و عەقڵییەتی مرۆڤەکانە، مێژوویەکە لەدایکبووی کۆمەڵێك کێشە و خەوش و قەیرانە لەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و ڕوحییانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئامادەیی هەیە.

2.بۆ ئەو مێژووەی کە تیۆریزە دەکرێت، دەبێ چاوی گریمانەکان لەسەر تایبەتمەندێتیی دیاردەی تیرۆر و جیاوازییەکانی بێت لە کۆمەڵگەی کوردیداو بیریش لای ئەو واقیعە خۆماڵییە بێت کە تیرۆری تیادا بەرجەستە دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی، لە ڕووی تیۆرییەوە درکی پێبکەین و ڕێکی بخەین و لە یاساکانی تێبگەین و شیی بکەینەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەك تێکەڵ بە شێوازە جیاوازەکانی تری تیرۆری نەکەین، چونکە ئەو تێکەڵکردنە هەر زوو ئیشکالییەت لەبەردەم دەستنیشانکردنی ئەو مێژووەدا دروستدەکات کە دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە شێوازێکی دیاریکراوی کاری تیرۆریستیدا هەموار دەکات.

3.کولتووری هەر کۆمەڵگەیەك پێوەرێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیی ئەو ئاکام و دەرئەنجامانەی کە لە مێژوویەکەوە دەکەونەوە، لە ڕووی تیۆرییەوە وا وێنادەکرێت، مێژوویەکی زەمینەخۆشکەرە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، واتە ئەوە ڕەچاو بکەین کە جیاوازیی نێوان کولتووری کۆمەڵگەکان ڕێگرە لەبەردەم تیۆریزەکردنی هەر مێژوویەکی گەردوونی و سەرتاسەری کە زەمینەخۆشکەربێت بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە هەموو کۆمەڵگەکاندا.

4.لە هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا جیاوازی و ناکۆکیی تیۆری لەسەر پێناسەکردن و ناونانی چەمکی تیرۆریزم هەبێت، ئەوە ئەستەمە ئەو مێژووە دیاری بکرێت کە زەمینەخۆشدەکات مرۆڤ و گروپی تیرۆریستی تێدا هەڵبکەوێت، چونکە لە غیابی پێناسەیەکی یەکگرتوو و هاوبەشدا بۆ دیاردەی تیرۆریزم، ئەو کۆمەڵگە و وڵاتە، لە

هەر کیشوەرێکی جیهاندا بێت، لە هەموو کات و ساتێکدا موعەرەزە، بە پراکتیك دووچاری ڕووداو و کردەوەی تیرۆریستی ببێتەوەو ئەو ڕووداو و کردەوانەش لەژێر ناو و ناونیشانی تردا ئەنجامبدرێن نەك تیرۆر، بگرە زۆرجار شەرعییەتیشیان پێ بدرێت. واتە لەگەڵ هەر غیابێکی ئیجماعدا Consensus لەسەر چەمکی تیرۆریزم، مەسەلەکە لەوە تێپەڕدەبێت کە تیرۆر، وەك بەرهەمی کۆمەڵێك کێشەی پراکتیکیی بواری سیاسەت و کایەی کۆمەڵایەتی یان دۆخی ئابووری و ڕەوشی سایکۆلۆژی یان باری روحیی ئینسانەکان تەماشا بکرێت، بەڵکو دەبێتە کێشەیەکی مەعریفیش، کێشەی ئەوەی تیرۆریزم چییەو کێ تیرۆریستە؟

## گریمانەکان:

باسکردن و وروژاندنی مەرجەکانی تیۆریزەکردنی ئەو مێژووەی کە زەمینە خۆشدەکات بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست و شیکردنەوەیان و ئەنجامگیریکردنیان، بەو مانایە نییە کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێت لەوە تێبگات لە چ هەلومەرجێکی مێژووییدا مرۆڤ و گروپی تیرۆریستی تیادا هەڵدەکەوێت، بەو مانایە نییە بێسوودە بیر لە گریمانەکردنی هەندێ کایە و بواری ستراکتۆری و هەندێ هەلومەرجی مێژوویی بکاتەوە کە ڕۆڵیان هەبووە یان ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی مرۆڤی تیرۆریست لە واقیعی خۆیدا. ریزکردنی هیچ یەکێك لەو مەرج و سەرنج و خاڵانەی سەرەوە بۆ ئەوە نییە دەستهەڵبگرین لە هەر پرۆسەیەکی تیۆریزەکردنی هۆکارەکانی دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵکو بۆ ئەوەیە:

**یەکەم:** بیسەلمێنین پرۆسەی تیۆریزەکردن لە ئاست کێشەی تیرۆریزمداو بەتایبەتیش لە ئاست کێشەی ناسینی هۆکارەکانی دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریستدا چەند پرۆسەیەکی پڕ گرفتەو چۆن دەبێ بە ڕەچاوکردنی خاڵگەلێکی وەك ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کردوون، تێپەڕ ببێت.

**دووەم:** لەسەر ئاستی توێژینەوەی زانستی بە تەواوی خۆ دووربگرین لە هەڕەمەکییەتی بەکارهێنان و فرێدانی زاراوە و چەمك و ڕستە و تێرمەکان لە شیکردنەوەی ڕووداو و کێشەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتیش لە ئاست کێشەی تیرۆریزمدا کە ئاڵۆزترین و ترسناکترین کێشەی سەردەمە.

**سێیەم:** بتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەی دێتە ڕێی تیۆریزەکردنی ئەو مێژووەی کە زەمینە خۆشدەکات بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، پێودانگی تیۆری بدۆزینەوە بۆ گریمانەکردنی ئەو مێژووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

لێرەوە ئێمە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەو بەتایبەتیش مەرجی ڕەچاوکردنی **جیاوازیی کولتووری**–دا گریمانەی ئەو مێژووە بکەین کە زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ هەڵکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، ئەوە دەبێ هەلومەرجی ئەو بوار و کایانەی کۆمەڵگە بپشکنین کە بە ڕایەڵ و ئەڵقەی توند بە کولتووری کوردییەوە گرێدراون، ئەمە ئەگەر نەڵێین بەتەواوی بەرهەمی ئەم کولتوورەن. مەبەستمان لە هەلومەرجی کایەو بوارەکانی وەك: سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سایکۆلۆژی، روحییە، کە کۆمەڵە کایە و بوارێکن، وەك پێشتریش وتمان، مرۆڤ لەناویاندا دەژی و بوونەوەرێکە لە ماهییەت و جەوهەری خۆیدا بەسەریاندا دابەشدەبێت، بێگومان هەلومەرجی خودی ئەم کایەو بوارانە خۆشیانن کە تەعبیر لە کولتووری کۆمەڵگەی ئێمە دەکەن و هەر خۆشیانن بە پلەی یەکەم کولتووری ئێمە بەرهەمدەهێننەوە.

لەلایەکی ترەوە، گەڕانەوە بۆ دەستنیشانکردنی تیۆرییانەی هەلومەرجی ئەو کایە و بوارانە و پشکنینیان، ڕێك بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی گریمانەیی بڵێین: چەند دیاردەو کێشەو قەیران و گرفتێکی دیاریکراو لەو کایەو بوارانەدا ئامادەییان هەیە، ئەگەر توانرا لە واقیعی کوردیدا پشتڕاست بکرێنەوەو سەنەدو گەواهییان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە، ئەو مێژووەش کە

زەمینـە خۆشـدەکات بـۆ مرۆڤـی تیرۆریـست لـەدایکبووی شتێکی دی نییە تەنها ئـەو دیـاردە و کێشە و قـەیران و گرفتانە نەبێت، بگرە لە بنەڕەتدا بـە ئامـادەیی ئەوانـەوە بەسـتراوەتەوە. بێگومـان ئـەو گریمانانـەش کـە ئێـستا ریزیـــان دەکـــەین، لـــە هـــەر بینینێکـــی فـــراوان و دیاردەگەرانەدا دەردەکەوێت کە زادەی تەنها یەك کایـە و بوار نـین، تـەنها سـەر بـە کایـە و بـواری سیاسـەت، یـان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی، یان سایکۆلۆژی و روحی نـین، بەڵکو سەر بە پتر لە کایە و بوارێکن لـەو کایـە و بوارانـە، ئەمە ئەگەر نەڵێین سەر بە هەر هـەموویانن، بـەڵام دیـارە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لەبەر ئەو هێڵە باریك و کاڵـەی کـە لـە وروژانـدنی بابـەتی لێکۆڵینەوەکـەدا جیـاوازی و تایبەتمەنـدێتیی نێـوان هـەر کایـە و بوارێـك لـە کایـە و بوارەکان دەپارێزێ و برێك سـەربەخۆییان لـە یـەکتر پـێ دەبەخشێ، مەحکومین گریمانەکان دابەش بکەین بەسـەر کایە و بوارە جیاوازەکاندا، بەم شێوەیە:

**کایەی سیاسەت:**

لێرەوە لە کایـەی سیاسـەتدا، ئـەم دیـاردە و کێـشەو قـەیران و گرفتـە گریمانکراوانـە بـاس دەکـەین و دەڵـێین: خۆشبوونی زەمینە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریـست لـەو زەمەن و مێژووەدایە کە:

1.دیالۆگی زانستی و بابـەتی لـەنێوان مـرۆڤ و گروپـە سیاسـییەکاندا پـشتگوێ بخرێـت و نەکرێتـە ئـامراز و میکانیزمی ئاشـتییانەی یەکلاییکردنـەوەی ململانێکـان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی کە لـەنێوان مـرۆڤ و گروپە سیاسییەکاندا هەن.

2.پـرۆژەی گۆڕانکـاریی سیاسـی لـە مێـژوودا تـەنها ببەســترێتەوە بــەو ئاراســتەو قەناعــەت و تیــۆرە ئایدیۆلۆژییانەی کە بـەکارهێنانی توندوتیـژی و پـەنابردن بۆی، لە هەردوو ئاستە ڕەمـزی و فیزیکییەکەیـدا دەکەنـە چـەکێك لـەو چـەکانەی کـە هەلومـەرجێکی سیاسـیی دیاریکراو دەگۆڕن و گۆڕانکاریی سیاسی دروستدەکەن.

3.دەسـەڵاتی سیاسـی، لـەناو دەوڵەتـدا بێـت، یـان حـزب، یـان رێکخراوێکـی سیاسـی، پـاوان بێـت بـۆ تـەنها نوخبەیەکی سیاسی و کۆمەڵێك مرۆڤ و گروپـی دیـاریکراو و بەبۆنـەی ئەمەشـەوە خـەڵکی دی لـە مـافی گەیـشتن بـە دەسـەڵاتی سیاسـی یـان دابەشـکردنی ئـەو دەسـەڵاتە بێبەش بکرێن، یان رێیان پێنەدرێت و پەراوێز بخرێن.

4.بەشـداریکردن لـە سیاسـەت و کـارایی سیاسـیی مەرجبەنـد (مـشروط) بێـت بـە تـەنها پێکهێنـانی پـارت و رێکخـــراوی سیاســـی و بەبۆنـــەی ئەمەشـــەوە هـــەموو مومارەســـەکردنێکی مەدەنییانـــەی کـــاری سیاســـی، بەتایبـەت لـە چوارچـێوەی رێکخـراوە مـەدەنی و گروپـە کۆمەڵایەتییەکانـدا، ببێتـە پرۆسـەیەکی بـێ نـرخ و نـا کاریگەر و ناکارا.

5.هـەموو پێوەرێـك بـۆ هـاووڵاتیبوون و ئینـسانبوون وابەستەبێت بە پێوەرە حزبییـەکان و تـۆڕی بەرژەوەنـدی و ستراتیژو ئیرادەی رێکخراوە سیاسییەکان، لێرەوە ئینتما بۆ نەتـــەوەو ئینـــسانییەت، شـــوێن بـــۆ ئینتمـــا حزبـــی و ئایدیۆلۆژییەکان چۆڵ بکات.

6.ئـەو چوارچـێوە شـەرعییەی کـە ژیـانی سیاسـیی کۆمەڵگەکان رێکدەخەن و ئاراستە دەکـەن، وەك پەرلـەمان، ببێتـــە ســـەکۆیەك بـــۆ داکـــۆکیکردن لـــە بەرژەوەنـــدی و دەســـەڵاتی حزبـــی، بەبۆنـــەی ئەمەشـــەوە سیـــستمی نوێنەرایەتیکردنی سیاسی لە نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان و دانیـــشتوانی وڵاتـــەوە بگۆڕێـــت بـــۆ سیـــستمێك کـــە نوێنەرایەتیکردن تیایدا تەنها نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەنـدی و ئیمتیازات و دەسەڵات و خواستی گروپە سیاسییەکانە.

7.پاراســـتنی حـــوکم و دەســـەڵاتی سیاســـی و گۆڕانکاریکردن لەم دەسەڵاتەدا خۆی بخاتە سەرووی ئـەو سەقفە زەمەنییانەی کە دەستوور و یاسـاکانی وڵات بـۆی داناوە، واتە شـەرعییەت Legitimation بەخـشین بـە حوکم و دەسەڵاتی سیاسی لە دەرەوەی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگەدا بەڕێوەبچێت.

8.کاری سیاسی و فەزای سیاسەتکردن وابەستەی گوتارە دینی و ڕاسپاردە دینییەکان بکرێت یان سیفەتی دینییانەیان پێ بدرێت و بە وتەزا دینییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت(37).

**کایە کۆمەڵایەتییەکان**

ئەگەر لە کایە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دیاردە و کێشە و قەیران و گرفتە گریمانەکراوەکان ریز بکەین، ئەوە بێگومان دەتوانین لە هەر کایەیەکدا چەندین گریمانە بەنموونە بهێنینەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ خێزان و قوتابخانەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان دەکەین و دەڵێین: لەو ساتەوەختە مێژووییەدا زەمینە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست خۆشدەبێت کە:

1–أ–خێزان، وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و پێگەێنەری مرۆڤ، لەبەر هەر هۆیەك بێت، نابێتە ئەو چوارچێوەیەی کە ئەندامەکانی ناوی، بەهۆیەوە کەناڵی هەست بە ئینتیماکردن بۆ کۆمەڵگەو نەتەوەو ئینسانییەت، بدۆزنەوە و ڕێز لەو بەهاو پێوەرانە بگرن کە لە ئەنجامی ئەو ئینتماکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆیان.

ب–خێزان نابێتە ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە ئەندامەکانی ناوی لەسەر بنەمای ڕێز و ئازادی و دادپەروەری Tustice و نەرم و نیانی ڕەفتار لەگەڵ یەکتردا بکەن(38)، بەڵکو ڕەفتارکردن لەسەر بنەمای گەورە و بچووك یان حاکم و مەحکوم یان توندوتیژی یان نایەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا بێت و ئەو نایەکسانییەش بکرێتە پاساو بۆ سەرکوتکردن و چەپاندن.

2–قوتابخانە، بە هەموو قۆناغەکانییەوە، وەك دەزگایەکی پەروەردەو فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زانست، لەبەر هەر هۆیەك بێت، توانای بەرهەمهێنانی نەوەی زانستخواز و پێگەیاندنی قوتابی و خوێندکاری عاشق بە مەعریفە و ڕۆشنبیریی زانستیی نابێت و تەنها دەبێتە وێستگەیەك بۆ بەخشینی بڕوانامە و بەڕێخستنی فێرخواز.

3– ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، وەك چوارچێوەگەلێکی کۆمەڵایەتی، دەبنە چوارچێوەگەلێکی کارتۆنی یان سیاسی، تەواوی وەزیفە ڕۆشنگەرییەکانیان لەدەستدەدەن و دەبنە ئامرازی دەستی هێز و گروپە سیاسییەکان و دەوڵەت، تەنیاش بەپێی ویست و بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیای ئەوان هەڵدەسوڕێن.. یان دەبنە چوارچێوەگەلێکی بێ نەخشە و بێ ستراتیژ و تەقلیدی و بەتاڵ لە هەر پێگەیاندنێکی ڕۆشنبیریی مۆدێرن و ئینساندۆست Humanist.

**بار و باری ئابووری**

لە بارو باری ئابووریشدا، دیاردەو کێشەو قەیران و گرفتە گریمانەکراوەکان زۆرن و لەم بارەیەوە تەنها باس لە هەندێکیان دەکەین و دەیبەستینەوە بە دەسەڵاتی ئیداریی کۆمەڵگەوەو دەڵێین: ئەو کاتە زەمینە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست خۆشدەبێت کە:

1.دەسەڵاتی ئیداریی لە کۆمەڵگەدا، کە دەکاتە حکومەت، سەروەت و سامانی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هاووڵاتیان و شارو ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا دابەشناکات و بەبۆنەی ئەمەشەوە نابەرامبەریی گەورە دەکەوێتە ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان و ئاستی ئاوەدانکردنەوەی شارو ناوچەکان.

2.دەسەڵاتی ئیداری، هیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتی وەك یارمەتیی مادییانە بۆ ئەو خێزان و مرۆڤانەی ناو کۆمەڵگە دابیناناکات، کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، هەژارو دەستکورتن یان گوزەران و ژیانیان خراپەو هیچ ئاسۆیەك نابینن بۆ ژیان و هیچ هۆ و هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی دڵیان بە ژیان خۆشبێ و ژیاندۆست بن.

3.دەسەڵاتی ئیداری، لەبەر هەر هۆیەك بێت، هەلی ئیشکردن لە کۆمەڵگەو دامەزراندن لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا چوونیەك بۆ هەموو ئەو هاووڵاتیانە ناڕەخسێنێت کە مەرجی ئەوەیان تێدایە ئیشبکەن یان دابمەزرێن لە فەرمانگەو دەزگاکاندا.

4.دەسەڵاتی ئیداری، لەبەر هەر هۆیەك بێت، دەکەوێتە ناو دیاردەکانی گەندەڵیی ئابووری و لە

دامودەزگاو فەرمانگەکانیدا چینی مشەخۆرو جەردەی ئیداری و بەرتیلوەرگر دروست دەبێت و بەبۆنەی ئەمەشەوە نوخبەیەك و چینێك لەسەر حسابی سەرووەت و سامانی گشتیی کۆمەڵگە دەوڵەمەند دەبێت، ئەو سەرووەت و سامانەی کە کۆمەڵگە دەوڵەت و حکومەتی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی عادیلانە بەسەر خەڵکدا دابەشیان بکات یان لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا خەرجیان بکات.

5.دەسەڵاتی ئیداری، لەبەر هەر هۆیەك بێت، هاوکاریی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە ناکات کە ژیان و گوزەرانیان لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و زەوی و زارەو پێویستیان بە فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەروبووم و بەرهەمەکانیان هەیە لە بازاڕەکانی ناوخۆدا بێت یان دەرەوە.

**باری سایکۆلۆژی**

ئەگەر لەسەر ئاستی باری سایکۆلۆژیش دیاردەو کێشە و قەیران و گرفتە گریمانەکراوەکان دیاری بکەین، ئەوە دەبێ سەرەتا بیرمان بکەوێتەوە کە پێشتر وتوومانە دۆخی سایکۆلۆژیی مرۆڤ لەژێر جەبری دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەکاندایە، ئەمەش بەو مانایە نییە جیهانی ناوەکی و بایەلۆژیی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك پاڵنەر نەبێ بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ، بۆیە لەم سۆنگەیەشەوە لە چەند خاڵێکدا دەڵێین: ئەو دەمە ڕێگە خۆشدەبێت بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، کە:

1-رقهەڵگرتن لە دەوروبەر(39)، وەك هەڵوێستێکی سایکۆلۆژی دەبێتە پەرچەکردارێك لە پەرچەکردارەکانی مرۆڤ لە ئاست ئەو کێشە و قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەعریفییانەی کە لە ژینگەکەیدا هەیەو کاریان کردۆتە سەر هێزە سایکۆلۆژییەکانی(40) و وایانکردووە لە شلەژانێکی سایکۆلۆژیدا بژیت.

2- توندوتیژی، وەك غەریزەیەکی سایکۆلۆژی(41)، دەبێتە ئامرازێك بۆ بەرگریکردن لەو غەریزە سایکۆلۆژییانەی تر کە بەبۆنەی پاڵەستۆی کێشەکانی ژیانەوە تێکدەچن و بواری ئەوەیان نابێت بهێنرێنە دی یان ئازادانە تەعبیر لە خۆیان بکەن، بەتایبەتیش غەریزەی سێکسی و غەریزەی دەسەڵاتخوازی(42).

3- شەڕانگێزی، وەك دەرکەوتێکی سایکۆلۆژی، دەبێتە هەڵبژاردنێك (خیار) لە هەڵبژاردنەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر نائومێدی و بێهیوایی و شکستهێنان(43) لە ڕووبەڕوونەوەی ئەو دیاردەو گرفتانەی کە لە ژیانی واقیعیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو ناتوانێت یان ڕێ نابات بەوەی بە ئامراز و ڕێوشوێنی دی هەڵوێستیان لێ وەربگرێت(44).

**بواری روحی**

ئەگەر لەسەر ئاستی بواری روحیش ئەو دیاردەو کێشەو قەیران و گرفتانە گریمانە بکەین کە لەم بوارەدا ئامادەییان هەیە، ئەوە دەڵێین: لەو کات و ساتە مێژووییەدا بوار بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست دەڕەخسێت کە:

1.فکر و فەلسەفە، وەك چالاکیی عەقڵیی مرۆڤ، نابێتە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی وەڵامدانەوەی قەلەقییە وجودی و پرسیارە روحییەکانی مرۆڤ لە گەردوونداو نابێتە هێزێکی مرۆیی بۆ دابینکردنی پێداویستییە روحییەکانی مرۆڤ، یان لانی کەم، عەقڵانیکردنیان.

2.ئاین و تەفسیرە ئاینییەکان بۆ بواری روحیی مرۆڤ تووشی دۆگمای فکری و تەئویلی و عەقائیدی دەبن و مرۆڤەکان زیاتر لەسەر ئەو ئاراستەیە گۆشدەکەن کە دووربکەونەوە لە خۆشویستنی ژیان و ئیش لەسەر تەرککردنی دنیا بکەن، بەبۆنەی ئەمەشەوە روحی مەرگدۆستی لە مرۆڤدا گەشە بکات، ئەو روحەی کە لە کایەی سایکۆلۆژیدا پێی دەوترێ: ساناتۆس Thanatos.

3.باوەڕنەکردن بە ئاین و سرووتەکانی، یان ڕێبازێك و مەزهەبێك لە مەزهەبەکانی، یان داننەنان بە کێشەو

پێداویستییە روحییەکانی مرۆڤ لەلایەن خەڵکانی ترەوە، لای مرۆڤانی دی بە بێباوەڕی و کوفر و شکاندنی پیرۆزیی پێداویستییە روحییەکان لەقەڵەم دەدرێت و بەبۆنەی ئەمەشەوە پەنا دەبرێت بۆ زەبروزەنگ و توندوتیژیی ڕەمزی یان فیزیکی لە ئاست ئەو خەڵکانە، ئەمەش بەناوی پاراستنی لایەنی روحیی ئینسان و خوداپەرستی یان مەسەلە پیرۆزەکان و بەرگریکردن لە خودا و شەرع و یاساکانی.

## تەوەری پێنجەم:

پشکنینی گریمانەکان لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا..

لەم تەوەرەدا دەمانەوێ پێش هەر شتێك، سەرنجی ئەوە بدرێت کە، ئەگەر گریمانەکردنی کایەو بوارەکانی وەك سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سایکۆلۆژی، روحی، وەك کۆمەڵە کایە و بوارێکی جێی چالاکیی کۆمەڵایەتی و فەردیی مرۆڤ، بۆ ئەوە بووبێت تیۆریزەی ئەو هۆکارە ستراکتۆرییانە بکەین کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، ئەوە گریمانەکردنی ئەو دیاردە و کێشەو قەیران و گرفتانە، لەو کایەو بوارانەدا، بەمەبەستی تیۆریزەکردنی ئەو مێژووە بوو کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست. ئەگەر لە یەکەمیاندا لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی چەمکی واقیع لە ئایدیۆلۆژیاو ناسینی بوونەوەری مرۆیی و دیاریکردنی زانستییانەی دەرکەوت و ڕەهەندەکانی، کایە و بوارەکانمان بۆ لێکدانەوەی هۆکارییانە (التحليل السببي)و خوێندنەوەی میتۆدییانە (القراءة المنهجية) دیاریکردبێت، ئەوە لە دووەمیاندا لەسەر بنەمای گریمانەکردنی کۆمەڵێك دیاردەو کێشەو قەیران و گرفت، هەلومەرجی ئەو کایەو بوارانەمان بۆ دەستنیشانکردنی تیۆرییانەی ئەو مێژووە تیۆریزە کردووە، کە هەڵگری ئەگەری بەرهەمهێنانی مرۆڤی تیرۆریستە.

لێرەوە ئێمە ئەگەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکەوینە پشکنینی ئەو دیاردەو کێشەو قەیران و گرفتانەی کە لە کایەو بوارەکانی وەك سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سایکۆلۆژی، روحیدا گریمانەمان کردوون، ئەوە دڵنیاین دەگەینە کۆمەڵێك حەقیقەتی بەڵگەنەویست Axionو هەر زوو گریمانەکانمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە، چونکە لە هەر یەکێك لەو کایانەدا کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی ئەزموونی تاڵ و تراژیدی و کارەساتبارە، یان خاوەنی ڕابردووی ترسناك و ئازاربەخش و بێزارکەرە. کۆمەڵگەی کوردی بە درێژایی مێژوو خاڵی نەبووە لە بەشێکی بەرچاوی ئەو دیاردەو کێشەو قەیران و گرفتانەی کە لەو کایەو بوارانەدا گریمانەمان کردوون، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها بڕێك یادەوەریی خۆمان لە مێژوویەکی نزیکدا دەخەینە گەڕ و بە شێوەیەکی خێرا و ڕاگوزاری حاڵ و هەلومەرجی ئەو کایە و بوارانەی دنیای خۆمان، کۆمەڵگەی کوردیمان بیردەخەینەوە کە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین (1991/3/5)ی گەلی کوردستان هەبوون. ئەو ساتەوەختە زەمەنییە بە نیگایەکی ڕەخنەگرانەو واقعییانە یاددەکەین کە تیایدا بەشێکی زۆری جوگرافیای هەرێمی کوردستان دەبێتە جوگرافیایەکی ئازادو چیدی کورد لەم ڕووبەرە جوگرافییەدا قۆناغێکی مێژوویی نوێ دەستپێدەکات، قۆناغێك کە تیایدا ئۆتۆنۆمیزەی ژیانی گشتیی خۆی دەکات و خۆی دەسەڵاتدارە بەسەر دنیاو مێژووی خۆیدا. لەم ڕووەوە ئەگەر تەنها لە کایەی سیاسەتدا گریمانەکان بپشکنین ئەوە دڵنیام پێویستمان بەوە نابێت لە کایە و بوارەکانی تردا بیانپشکنین، بۆ؟ چونکە ئاشکرایە ئەم کایەیە کایەیەك بووە تاڕادەیەکی زۆر تەحەکومی بە کۆی کایەکانی تری دنیای ئێمەوە کردووە. لەم کایەیەدا دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی کۆمەڵگە ئامادەگیی هەبووەو ژیان و چارەنووسی تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستانی جڵەو و ئاراستە کردووە. ئەوەی لەم کایەیەدا ڕوویداوە لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و لایەنی روحیی ئینسانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەوە هەبووە، بۆیە لەو پێودانگەوە گریمانەکان تەنها لە کایەی سیاسەتدا دەپشکنین و ئەم خاڵانە تۆمار دەکەین و دەڵێین:

1- هێزە سیاسییەکانی ئێمە لە دوای ڕاپەڕینـەوە، بە هەر هۆیەك بێت، کەمترین دیـالۆگی زانستی و بابـەتی لەنێوانیانـــدا دروســـتنەبوو کـــە لێیـــەوە ئەگـــەرەکانی پێکـــەوەژیان و ڕێککـــەوتن لەســـەر کۆمـــەڵێك حـــەرامی سیاســـی و نەتـــەوەیی بـــەهێز بکـــات، بـــەڵکو دۆخـــی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی یەکتر لە واقعی کوردیدا زۆرجار لـــە شـــتێکی دییـــەوە نـــەهاتووە تـــەنها لـــە ناچـــاریی سیاسییەوە نـەبێت یـان لـە ئـەنجامی دەسـتتێوەردان و گوشـــاری دەرەکـــی و ئیقلیمـــی(45)، یـــان لاوازیـــی هەڵوێستی سەربازی لە ڕووبەڕووبوونـەوە خوێناوییەکانـدا یان تێکچوونی تـەرازووی هێـز Balanse of Pawer، یان هەڕەشەیەکی دەرەکی بۆ سەر چارەنووسی سیاسیی کـورد و هێـزە دەسـەڵاتدارەکانی. بەمانایـەکی ڕوونـتر، قبـوڵکردنی هێـزە سیاسـییەکانمان بـۆ یـەکتر بەرهـەمی سیاســـەتێکی دیموکراتییانـــەی خۆڕســـك نـــەبووە، لەدایکبووی دیدێکی ستراتیژیی– نەتـەوەیی نـەبووە، کـە ڕێـــز لـــە بـــوونی هـــەر هێزێکـــی سیاســـیی کـــوردی لـــە گۆڕەپانەکەدا بگرێت، یان وەك هێزێك نیگای تێبگرێ کە سەر بە نەتەوەو مێژوو و کولتووری ئەوە، بەڵکو زۆربـەی کـــات پێکـــەوە هـــەڵکردنی هێـــزە سیاســـییەکانمان دەرئـەنجامی تـەئجیلکردنێکی تـەکتیکیی ئـەو ویـستە دەسەڵاتخوازە شەڕانییە بووە کە جگە لە خۆی ناتوانێت بـە ئاسـانی بـوونی هێـزی سیاسـیی تـری ڕکابـەر یـان ململانێکـەر هـەرس بکـات، بەڵگـەش ئـەو هـەموو جەولـە جیاجیایانـــەی شـــەڕ و یـــەکتر کوشـــتنی نێـــوان هێـــزە سیاسـییەکانمان بـوو کـە لـەنێوان هێـزە جیاجیاکانـدا ڕوویانداوە.

2- ئـــەوەی برێـــك لـــەو هێڵـــە ئایدیۆلۆژییـــە تەمومژاوییەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکۆڵێتـەوە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ڕێگەی کەناڵەکانی میدیاوە یان بەهۆی سیاسەتی ڕۆژانەوە مانفێست دەکران، تێدەگات کـە کـەم هێـزی کـوردی هـەبووە لـە گۆڕەپانەکـەدا گۆڕانکـــاری و ڕووبەڕووبوونـــەوەی هەڕەشـــەکان و تێپەڕانـدنی هەلومەرجـە سـەختەکانی واقیعـی هـەرێمی کوردستانی نەکردبێتە دروشم و گوتار و سیاسەتی خۆی. بیرۆکـەی گۆڕانکـاریکردن تـا ئەنـدازەی پیرۆزکـردن و بەخشینی گیان و قوربانیدان لەپێناویدا یـەکێك بـووە لـە ئـــەدەبیات و بیرۆکـــە ســـەرەکییەکانی هێزەکانمـــان، توندوتیژیش، چ وەك سیاسەت و چ وەك پێکهاتەی فکر و ئایـدیۆلۆژیا یـەکێك بـووە لـەو ڕێگایانـەی کـە هێـزە سیاسییەکانمان لەپێناوی گۆڕانکاریکردنێکی خواستراودا ئـەزموونیان کـردووە، بەڵگـەش ئەوەیـە جگـە لـەوەی هێزەکـــانی ئێمـــە دابەشـــبوونەتە ســـەر کۆمەڵـــە ئایدیۆلۆژیایـــەك، کـــە ڕەگـــی قـــوڵی لـــەناو فکـــری ناسیۆنالیستی و مارکسی و ئیسلامیدایە(46)، لـە ڕووی پراکتیکیـــشەوە ئـــەو ململانـــێ خوێنـــاوی و شـــەڕانەی لەنێوانیانـدا بـەرپادەبوو بـە پراکتیـك باوەڕبوونیـانی بـە توندوتیژی، وەك هێزێك بۆ گۆڕانکاری، دەسەلماند.

3- کۆبوونـــەوەی دەســـەڵات و قەڵـــەمڕەوی لـــە دەســـتی نوخبەیـــەکی Elite دیـــاریکراو و دیـــاردەی سەنتەراڵییەت لە بڕیـاردان و سیاسـەت داڕشـتندا، ئیـدی لـەناو دەسـەڵاتی سیاسـیدا بێـت یـان حـزب و ڕێکخـراوی سیاسی، یەکێکی تـر بـووە لـەو دیاردانـەی کـە لـە ژیـانی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەگیی هەبووە، باشـترین بەڵگـەش دیـاردەی ئـەو هـەموو ئینـشیقاق و لەیـەکتر جیابوونەوانەیە کە لانی کەم، لـەدوای ڕاپەڕینـەوەو لـەناو هێزەکانماندا ڕوویانداوە، یان ئەو هـەموو ناڕەزاییەیـە کـە زۆرجـار هەنـدێك لـە هێزەکانمـان لـە بەرامبـەر هەنـدێکی تریاندا لەسەر تاکڕەوی و حسابنەکردن بۆ هێزەکانی تری گۆڕەپانەکـە هـەیانبووە، خـۆ ئەگـەر ئـەدەبیات و زمـانی میدیای هەندێك لە هێزەکانمـان بپـشکنین و بـە ڕاشـکاوی بیانهێننـە قـسە، ئـەوە بێگومـانین لـەوەی ئـەو جـۆرە ناڕەزاییانـە تـا ئێـستاش بـە ئاسـت و شـێوەی جیـاواز بەردەوامن.

4– هێزە سیاسییەکانمان بۆ ڕێگرتن لە هەر جیاوازی و ناڕەزایی و دەنگێکی سیاسی کە لـە دەرەوەی سـنوری هێزە سیاسییەکانەوە بێت، هـەموو ڕێکخـراوە مـەدەنی و پیـــشەیی و دیموکراتییـــەکانیان بەســـەر ئایـــدیۆلۆژیاو

سیاسەت و بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆیاندا دابەشکردووەو هەموو کەناڵێکی ناحزبییانەیان بۆ بەشداریکردنێکی سیاسییانەی سەربەخۆ، لە کایەی سیاسەت کۆنترۆڵکردووە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە لە دوای هەموو دیاردەیەکی ئینشیقاق لە ژیانی حزبیی کۆمەڵگەی کورددا، هەر زوو لایەنی مونشەق/جیاوەبوو ڕێکخراو و پارتی سیاسیی دی دادەمەزرێنێت و ناگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵی مەدەنی بۆ بەشداریکردن لە سیاسەت لە دەرەوەی ژیانی حزبی، ئەمەش بەو مانایە نییە دروستکردنی حزبی نوێ کارێکی هەڵەیە، بەڵکو لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوەیە کارایی سیاسی و بەشداریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا جگە لە چوارچێوەی حزب لە هیچ چوارچێوەیەکی تری کۆمەڵایەتی و ناسیاسییدا نایەتەدی و دانی پێدا نانرێت و بگرە ڕێزی لێ ناگیرێت.

5– هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە بەبۆنەی بەرژەوەندییە حزبییەکان و ململانێکانی نێوانیانەوە، ئاڵوگۆڕێکی گەورەیان لە پێکهاتەی شوناسی مرۆڤی ئێمەدا کرد. لەگەڵ سەرهەڵدانی ململانێ و بەرژەوەندیی حزبەکانماندا، کوردبوون بوو بە شوناسێکی بێمانا و بێسوود و هیچ نرخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ نەمایەوە، هاووڵاتیبوون بوو بە ناسنامەی ئەوانەی دەکەونە پەراوێزی ڕووداوەکانەوەو بێبەش دەبن لە هەر ڕۆڵ و ئیمتیاز و مافێکی ئینسانی و نەتەوەییان، درەوشاوەترین بەڵگە پاکتاوکردنی ئایدیۆلۆژییانەی خەڵکبوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەویی هێزە ناکۆکەکانمان لە سەروەختی شەڕی ناوخۆییدا، یان جێنەکردنەوەی هاووڵاتیانمان بوو لە هیچ فەرمانگە و دامودەزگایەکی دەوڵەتیدا، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە حزبیبوونی خۆیان بۆ هێزێکی دیاریکراو و بێوەی! و ناڕکابەر پیشان بدەن و لە نووسینگەیەکی حزبییەوە پشتگیری بکرێن.

6– هێزە سیاسییەکانمان دیسانەوە بەبۆنەی ململانێ و شەڕی ناوخۆی نێوانیان و زاڵبوونی گیانی حزبایەتی بەسەر بڕیارو ڕەفتارو سیاسەتەکانیاندا، نەیانتوانی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارە شوێنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی گەل بێت، بکەنە ئەو چوارچێوە شەرعییەی کە بەهۆیەوە مشتومڕ و دیالۆگ لەسەر پلان و پرۆژەو ڕاسپاردەکان بکەن بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو قەیران و کێشە هەمەلایەنانەی خەڵکی کوردستان، کە لە دوای ڕاپەرین و هەڵبژاردنی گشتیی 2002/5/19 و دامەزراندنی حوکمی خۆماڵی دووچاری بووبوو، چونکە باسکردنی هەر کێشەو مەسەلە و پرۆژەیەك لەو دامەزراوەدا بە فلتەری بەرژەوەندیی حزبیدا تێدەپەڕی، ئەمەش وایکرد ئەندامانی پەرلەمان کە زۆرینەیان سەر بە هێزە سیاسییە ناکۆکەکان بوون نەتوانن وەزیفەی نیشتمانیی نەتەوەیی خۆیان جێبەجێ بکەن و مەحکوم بوون بەوەی کارمەندێکی گوێڕایەڵی فەرمان و سیاسەتەکانی حزبەکان بن، بەڵگەش ئەوەیە تا هەنووکە ڕەخنەو گلەییکردن لە دەسەڵات و توانا و پرۆژە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی ئەم دامەزراوەیە بە ئاست و جۆری جیاجیا بەردەوامە.

7– هێزە سیاسییەکانمان، جارێکی تر، بەبۆنەی نائامادەیی ڕۆحێکی دیموکراتییانەی ڕاستەقینە تیایاندا و بەبۆنەی ئەو نائارامییە سیاسییەی کە لە ئەنجامی شەڕ و کوشتارە ناوخۆییەکان دروستدەبوون، هەموو جۆرە بایەخدانێکیان بە شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری فەرامۆش کرد. ململانێ خوێناوییەکانی نێوانیان ئەوەی لەبیر بردنەوە کە هەموو دەسەڵات و حوکمکردنێك بە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو و یاسارێژکراوەوەو کۆتاییهاتنی ئەو ماوەیە واتە کۆتاییهاتنی شەرعییەت، کۆتاییهاتنی شەرعییەتیش واتە پێویستیی بەدەستهێنانەوەی لە ڕێگەی پرۆسە دیموکراتییەکانی وەك هەڵبژاردن و متمانەبەخشینی هاووڵاتیان بە جارێکی تری دەسەڵات، باشترین بەڵگەش ئەوەیە لەنێوان ساڵانی 1992 و 2004دا کە دەکاتە 12 ساڵی ڕەبەق هیچ هەڵبژاردنێکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا نەکرا و هێزە

سیاسییەکانمان بەپێی ئەحکامی حزبیی خۆیان شەرعییەتیان بە دەسەڵات و حوکمڕانیی خۆیان دەدا.

8- هێزە سیاسییەکانمان، ئەگەرچی هەندێکیان خۆیان بە هێزی عەلمانی Laicite و نادینی ناوزەد دەکەن، بەڵام هاوشان لەگەڵ هێزە دینییەکانی تری سەر گۆڕەپانی کوردستاندا، نەیانتوانی سەربەخۆیی هیچ یەکێك لە کایەکانی وەك سیاسەت و دین بپارێزن و لە یەکدییان جیابکەنەوە، بەڵکو زۆربەی هێزەکانمان چوونیەك بە لۆژیکی دینی و حەماسەتێکی ئاینییانەوە بەرگرییان لە سیاسەت و سەرکردە و هەڵوێست و ڕابردوو و سەرمایەی مادی و ڕەمزیی خۆیان کردووە، ئەگەر هێزە (عەلمانییەکان) بە لۆژیکی تەخوینکردنی هەر هێزێك ڕەفتاریان کردبێت، کە لەگەڵ دنیابینی و وێناکردنەکانیان بۆ مرۆڤ و نیشتمان و نەتەوە یەکی نەگرتبێتەوە، ئەوە هێزە دینییەکانیش، ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ، لە کۆبوونەوە داخراوو خوتبە جەماوەرییەکانیانەوە بووبێت یان لە بڵندگۆی هەندێ مزگەوت و مینبەری هەندێ بۆنە، بە لۆژیکی تەکفیرکردن مامەڵەیان لەگەڵ هەر هێزێك و هەر دیاردە و ڕووداوێکی ناو کۆمەڵگە کردووە، کە ناتەبا بێت لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای دینیی ئەواندا، بەڵگەش ئەوەیە لە شەڕی نێوان ئەم هێزانەدا دەستەواژەکانی هێزی خائین و بەکرێگیراو و دژە کورد و بەرژەوەندییەکانی یان تێرمەکانی هێزی کافر و بێباوەڕ و دژە ئیسلام و بەهاکانی، لەو دەستەواژانەبوون کە بە هۆیانەوە شەرعییەت بە ململانێکان و یەکتر کوشتن دراوە.

لێرەدا بێگومان دەبێ ئەوەمان بیر بکەوێتەوە کە هەموو ئەو دیاردە و کێشە و قەیرانانەش لە کایەی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێمەدا دواجار جگە لەوەی لە پشت بەرپاکردنی شەڕی گەورە و خوێناوییەوە بوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەر خۆشیان بوونە مایەی لاوازبوونی متمانەی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بە کۆمەڵێك سەنەدو بیروباوەڕی گرنگ، کە دڵنیاین هەموو کۆمەڵگەیەك، بۆ داکۆکیکردن لە یەکبوون و سەقامگیری و ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی خۆی، پێویستی پێیانە، لەوانە سەنەدو بیروباوەڕی نەتەوە Nationale و نەتەوەییبوون، یان نیشتمان و نیشتمانپەروەری، یان دیموکراسی و دیموکراسیبوون، پاشان کۆی ئەو بەها و پرەنسیپانەی کە بەو سەنەدو بیروباوەڕانەوە بەندن. بێگومان لاوازبوونی باوەڕ و متمانەش بەو سەنەدو بیروباوەڕانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە نهێنییەکن لەو نهێنییانەی زەمینەی هەمەلایەنەیان بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی کوردیدا خۆشکرد، وەك چۆن نهێنییەکن لەو نهێنییانەی کە تەفسیری زۆر دیاردەو قەیران و کێشەی تری هەندێ قۆناغی سەختی کۆمەڵگەی کوردیی دوای ڕاپەڕینمان بۆ دەکەن، لەوانە:

1- دیاردەی کۆچبەری و کۆچبەری عەقڵەکان Brain Drain و بەجێهێشتنی بەلێشاوی نیشتمان.

2- پەیوەندی گرێدانی هێزە سیاسییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتە ئیقلیمییانەی کە ناحەزی تەقلیدیی کێشەی کوردن و تەوزیفکردنیان لە ململانێ ناوخۆییەکاندا.

3- لاوازبوونی ئیرادەو خەونی سیاسی و نەتەوەیی کورد لەبەردەم ڕژێمی پێشووی سەدامداو خۆشکردنی پەیوەندیی دووقۆڵیی هێزەکانمان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا و دیسانەوە تەوزیفکردنیان لە ململانێ ناوخۆییەکاندا.

4- نەمانی متمانە لەنێوان هێزەکانماندا و گرەوکردن لەسەر میانگیریی دەرەکی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکاندا.

5- دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو هەرێمی لێکدابڕاو لە ڕووی سیاسی و ئیداری و ئابووری و جیۆ- سیاسییەوەو چەندین دیاردەو کێشەو قەیرانی تر. بێگومان، وەك پێشتریش وتمان، ئەو دیاردەو قەیران و کێشەو کارەساتە ناوخۆییانەی کە لە کایەی سیاسەتی کۆمەڵگەی کوردیی دوای ڕاپەڕیندا ڕوویان دا، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی قووڵ و کارەساتباریشیان هەبوو لەسەر



بورهان غەلیون

کۆی کایە و بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەی کوردی. شەڕی ناوخۆ خۆی بەتەنها یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە دەتوانین بیکەینە شا پێودانگی لێکدانەوەی مەنهەجییانە بۆ زۆر دیاردە و قەیران و گرفتی تر کە کۆمەڵگەی ئێمە بە کێشەی تیرۆریزمیشەوە ڕووبەڕوویان بۆتەوە. ئەو جەنگە جگە لە ئاکامە سیاسییە خەتەرناکەکانی لەسەر ئەزموونی سیاسیی کورد لە هەرێمی کوردستاندا، ئاکامی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و ڕوحیشی بەسەر ژیانی تاك و کۆی کۆمەڵی کوردی هەبوو، بۆ نموونە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا بووە هۆی ئەوەی:

1- هەموو خێزانێکی کوردی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە نەبێت کە ئەندامەکانی ناوی بە گیانی نەتەوەیی یان بیروباوەڕی ئینسانی گۆش بکات، چونکە سیستمی پێگەیاندن و گۆشکردن لەم یەکەیەدا وابەستەی ئاستی پەیوەندیی خێزانەکانە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریی کۆمەڵگەوە. ئەگەر کۆی ئەو بوارانەی ژیان لە قەیران و کێشەدا بن، ئەوە بێگومان کار دەکەنە سەر سیستمی گۆشکردن و پێگەیاندن لە خێزانیشدا، ئەگەر هێزە سیاسییەکانمان لە ئەنجامی ململانێی نێوانیاندا گیانی کوردایەتی و بەهای کوردایەتیکردن مرداربکەنەوە، خێزانەکانیش باوەڕیان بەو گیان و بەهایانە لاواز دەبێت، ئەگەر باری ئابووریی وڵات لە قەیراندابێت و کار بکاتە سەر خێزانەکان، ئەوە بێگومان ئەم یەکە کۆمەڵایەتییەش لەوە دەکەوێت پێداویستییە مادییەکانی ئەندامەکانی دابین بکات، کە ئەم وەزیفەیەشی لەدەست دا نابێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەندامەکانی ناوی.. لەلایەکی تر، ئەگەر دیموکراسی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێشێلبکرێن، ئەوە خێزانی کوردیش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان و لەوێوە ئازادی و دادپەروەری و نەرم و نیانی لە خێزانیشدا دەکەوێتە بەر هەڕەشە، لێرەوە توندوتیژی و ترساندن و دەسەڵاتخوازیی دەمامککراو بە وتەزاکانی گەورە و بچووك، چاکە و خراپە، دەبنە ئەو دیاردانەی کە فەزای ناوخۆیی خێزان دەتەنن.

2- قوتابخانەو قۆناغە جیاوازەکانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هیچ نوێبوونەوەیەکی مەنهەجی بە خۆیانەوە نەبینن و لەسەر میراتی میتۆدێك لە پەروەردەو فێرکردن بژین، کە میراتی بەعس و ئەو کولتووره دواکەوتوو و توندڕەوەیە کە پڕە لە ئاماژە و هێمای هاندەر بۆ توندتیژی. لەلایەکی تر، قوتابخانە/زانکۆ-ی کوردی بەدەست دەیان کێشەی گەورەی خوێندن و پەروەردەکردنەوە بناڵێنێت و نەتوانێت چارەسەریان بکات. زانکۆکانی هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی نەبێت خوێندکاری کورد بە میتۆدە زانستییە هاوچەرخەکان ئاشنابکات و هێزی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نەبێت کە زانست و زانستخوازی Scientism ببێتە چەکێك بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی ئینسان و کۆمەڵگە و وجود و تەفسیرکردنی جیهان بە دیدی زانستییانە. زانکۆکانمان ئەو سەرچاوانە نەبن کە تێگەیشتنی نەوەکانمان و گەنجەکانمان بەرامبەر بە کێشە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵگە بکەنە تێگەیشتنێکی زانستیانە.

3– ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانمان، وەك کایەگەلێکی کۆمەڵایەتی بەدەست کۆمەڵێك کێشەو قەیرانی گەورە گەورەوە بناڵێنن، لەوانە:

أ– نەبوونی سەرچاوەی سەربەخۆی دارایی و کارگێری و کۆبوونەوەی سەروەت و سامانی وڵات لە بندەستی هێزە سیاسییەکان و ناچاربوونیان بە وابەستەیی بەو هێزانە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە.

ب– لەبەر کێشەی (أ) تێکشکانی هەر پڕۆژەو نەخشەیەکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ کە لە دەرەوەی چاودێریی دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکانمانەوە بۆ هەڵوێستوەرگرتن لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکانی واقیعی کۆمەڵگە دابڕێژرێت.

ج– لەدەستدانی وەزیفە ڕەخنەییە ئەدەبی و هونەری و فکرییەکان و تەوزیفکردنی کۆی ئەو وەزیفانە بۆ وەزیفەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ململانێی حزبی و چەندین کێشە و قەیرانی تری ڕۆشنبیری.

جگە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی، بێگومان شەڕی ناوخۆیی و هەلومەرجی پڕ قەیران و گرفتی کایەی سیاسەت لە دنیای ئێمە، ئاکامی ئابووریشی هەبوو، ئەو دیاردەو قەیران و کێشانەش پێشتر گریمانەمان کردن بۆ تیۆریزەکردنی ئەو مێژووەی زەمینە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست خۆشدەکات، کەم و زۆر لە واقیعی کوردیدا ڕوویانداوەو ئاسەوارەکانیان تا ئێستاش کۆتاییان نەهاتووەو دڵنیاین لەوەی هەڵدەگرن لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیان لەبارەوە بکرێت، چونکە جگە لەوەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین قۆناغی دووچاربوونی کۆمەڵگەی ئێمەیە بە ئابڵۆقەی ئابووریی نێودەوڵەتیی سەر عیراق و ئابڵۆقەی ئابووریی ڕژێمی پێشووی بەعس لەسەر هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی و هەلومەرجی ململانێ سیاسییە خوێناوییەکانی نێوان هێزەکانماندا، ئابڵۆقەی ئابووری و بازرگانیی کوردیش دەستپێدەکات و لەوێوە سنووری دەسەڵاتی نێوان هێزەکانمان، زۆربەی کات، دەبێتە سنووری داخراوی جموجوڵی بازرگانی و گەمارۆی ئابووریی ئەم هەرێم لەسەر ئەوی دی. داهاتی هەرێمی کوردستان لە هەموو سەرچاوەکانەوە دەچێتەوە بن دەست و دەسەڵاتی هێزە سیاسییە ناکۆکەکانمان و ئەوانیش هەریەك بە گوێرەی سیاسەت و بەرژەوەندی و ویستی حزبیی خۆیان دابەشی دەکەن و ئەو داهاتانە لە داهاتی نەتەوەییەوە دەبنە داهاتی حزبی، ئەمەش ڕاستەوخۆ کۆمەڵگە ناچاردەکات لەپێناوی بژێوی و گوزەراندا بەناچاری ببنە پێشمەرگەو کارمەندو فەرمانبەر و بەندەی گوێڕایەڵی هێزە سیاسییەکانمان و مەرجی سوودوەرگرتنیش لە داهاتی وڵات کە لە بن دەسەڵاتی هێزەکاندا ببێتە مەرجی حزبیبوون و وابەستەبوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بە هێزە سیاسییەکانەوە. جگە لەوانە، بێگومان کۆمەڵێك ئاکامی تری شەڕی ناوخۆیی و هەلومەرجی سیاسیی دوای ڕاپەڕین، لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوە بوو کە:

1– دیاردەی بێکاری و نەبوونی هەلی ئیشکردن و ژیانگوزەران ببێتە قەدەری هەزاران هاووڵاتیی وڵاتی ئێمەو ئەم دیاردەیە بێئەندازە تەشەنە بکات.

2– دیاردەی هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و کاڵا و پێداویستییە ژیانییەکانی خەڵك ببێتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژ بە ڕۆژ لەژێر کاریگەریی ئابڵۆقە جیاجیاکاندا باری ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەرێم ڕوو لە خراپی و هەژاری بێت.

3– ئیدارە و حکومەتی هەردوو هەرێمە لێکدابراوەکەی کوردستان بە بۆنەی ئەو هەموو خەرجییە خەیاڵییەی کە لە شەڕگەکانیاندا خەرجیان دەکرد و دەیانکرد بە گەرووی ئاگری شەڕی یەکترکوشتندا بە تەواوی توانای دانانی هیچ نەخشەیەکی جێگیر و بەردەوامیان نەبێت بۆ دابەشکردنێکی عادیلانەی سەروەت و سامانی وڵات بەسەر خەڵکی ناوچە جیاجیاکانداو زۆرجار تەنها بایەخ بە ناوەندی شارە گەورەکان بدەن و ناوچە دوورەدەست و هەژارنشینەکان پەراوێز و پشتگوێ بخەن، هەم لە ڕووی

ئاوەدانکردنەوەوەو هەم لە ڕووی یارمەتیدانی دانیشتوانەکانیان.

4- لەگەڕکەوتنی زۆرێك لەو کارگە و کۆمپانیا و جموجوڵە بازرگانییانەی کە سەرچاوەی ژیان و داهاتی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون و ئەوانەو چەندین کێشە و قەیرانی تر..

لێرەوە گومانی تیادا نییە کە هەموو ئەو دیاردەو کێشەو قەیرانانە لەو بوار و کایە جیاوازانەشدا دواجار بە ڕۆڵی خۆیان ڕەنگدانەوەو کاریگەرییان لەسەر باری سایکۆلۆژیی مرۆڤی ئێمە داناوەو ڕۆڵیان هەبووە لە ئاراستەکردنی لایەنی روحیش لای تاك و کۆمەڵی کۆمەڵگەی ئێمە. لەم ڕووەوە زۆرن ئەو تێز و تیۆرانەی کە پێیان وایە گەشەکردنی دیاردەی گەڕانەوە بۆ لای ئاین و ئاینپەرستی و نائومێدبوون بەرامبەر بە زەمەن و دنیاو بە دیوەکەی تریشدا ڕۆچوونەوە ناو ژیانی روحی و بیرکردنەوە لە دنیای دووەم و ئاخیرەت، بەرهەمی ئەو دیاردە و کێشە و قەیرانانەیە کە لەو کایەو بوارانەدا سەرهەڵدەدەن، لەدایکبووی شکستی ئینسانەکانە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. سۆسیۆلۆژی گەورەی عەرەب د. بورهان غەلیون یەکێکە لەو کۆمەڵناسە عەرەبانەی کە هەڵگری ئەو تێز و تیۆرەیە. ئەو لە کتێبی (الإسلام والسياسة أو الحداثة المغدورة)دا پێی وایە هەموو بزووتنەوە ئیسلامگەراکان شتێکی تر نین جگە لە پەرچەکردار بە ڕووی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە قەیراناوییەکاندا.(47) ئاشکرایە ئەگەر تەماشایەکی وردی قۆناغی دوای ڕاپەڕینیش بکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆمان دەردەکەوێ کە سەرەتا بەهێزەکانی گەشەکردنی بزووتنەوە ئیسلامگەراکانی کۆمەڵگەی ئێمەش تەواو هاومێژووی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەو کێشەو قەیرانانەیە کە واقیعی ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوەو بە بۆنەی ململانێ سیاسییەکان و شەڕی ناوخۆییەوە دووچاری بووبوو. بە مانایەکی دی، دەمانەوێ بڵێین: ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەو ئەو کێشەو قەیرانە سەخت و دژوارانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنانی ئەوان بوون کە بوونە کانگای بەرهەمهێنانی هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سایکۆلۆژی و روحیی لەبارو گونجاو بۆ ئەوەی هێزە ئیسلامگەراکان بە ئاسانی بتوانن ئیش لەسەر هەموو ئەو هاووڵاتییە بێئینتما و دابڕاو و هەژار و نائومێد و بێهیوایانە بکەن کە بەبۆنەی کێشەو قەیران و ڕووداوەکانی دنیای دوای ڕاپەڕینەوە بووبوونە کەرەستەیەکی خاو و ئامادە بۆ هەر هێزێکی دینی، کە وەڵامی نائومێدییەکانیان لە ئاست زەمەن و دنیادا بداتەوەو چارەسەرێکی دیاریکراویان بۆ پێشنیار بکات، بەڵام دیارە، هەروەك لە تەوەری سێیەمیشدا ئاماژەم بۆ کردووە، هەمیشە جیاوازی لەنێوان هێز و گروپە سیاسییەکاندا هەیەو تەنانەت جیاوازی زۆرجار لەناو گروپ و هێزێکی دیاریکراویشدا بوونی هەیە، بۆیە سەرئەنجام هەموو ئەو هاووڵاتییەی کۆمەڵگەی ئێمە کە لە ئەنجامی دیاردەو کێشەو قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوەو لەژێر کاریگەرێتیی دۆخی سایکۆلۆژی و لایەنی روحییانەوە پەیوەندی بە هێزە ئیسلامگەراکانی هەرێمەوە دەکەن و ئایدیۆلۆژیای دینی دەکەنە پەناگە بۆ داکۆکیکردن لە بوونی خۆیان و دەربازبوون لە حاڵەتی نائومێدی و بێزاری، یان بێئینتمایی و ناکارایی سیاسی، یان هەژاری و دەستکورتی، یان بێنرخی و بێپێگەیی کۆمەڵایەتی، بەپێی ئاست و ڕادەی ئەو حاڵەتانەی دووچاری دەبن، دابەش دەبن بەسەر ئاراستە جیاجیاکانی ئایدیۆلۆژیای دینیدا، ئایدیۆلۆژیای توندڕەو کە ئاشکرایە لە واقیعی قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا بزووتنەوەی ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەکردو ئایدیۆلۆژیای میانڕەو کە لە هەمان قۆناغدا یەکگرتووی ئیسلامی بەرجەستەی دەکرد، یەکەمیان کەوتە چەندین شەڕی خوێناوییەوە لەگەڵ هێزە عەلمانییەکاندا بەتایبەتیش (ی. ن. ك) و دووەمیشیان کەوتە سازدانی چەندین کەناڵی خۆبەهێزکردن و فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو هێزانەدا، یەکەمیان بە لۆژیکێکی میلیتاری ڕووبەڕووی واقیعی قەیراناویی دوای ڕاپەڕین بووەوە، دووەمیان بە سیاسەتی خزمەتگوزاری و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو یارمەتیدانی هەژار و لێقەوماوان و کاری مەدەنی، یەکەمیان

له پرۆژەی ئایدیۆلۆژیی خۆیدا شکستی هێنا و پارچە پارچە بوو و ناچار بوو بۆ دواجار بەشداربێت لەو حکومەت و دەسەڵاتە سیاسییە کوردییەی کە پێشتر شەڕی هێزە عەلمانییە دامەزرێنەرەکانی دەکرد، دووەمیان ڕۆژ بە ڕۆژ بنکەی فراوان دەبوو و وەك هێزی سێیەمی گۆڕەپانی سیاسی دەردەکەوت.. بەمانایەکی تر، لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیای دینیش وەك هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دی چەندین ئاراستەو تەوژم و بزووتنەوەی جیاجیای هەبوو لەو قۆناغەی کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوە هەموو ئەو مرۆڤانەشمان کە لەژێر کاریگەرێتیی کێشەو قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و ڕوحییەکاندا ئینتیمایان پێوەکردن هەموویان چوونیەك نەبوونە مرۆڤی تیرۆریست یان ڕاستتر بڵێین، چوونیەك پەیوەندییان بەو تەوژم و هێزە توندڕەو و تەکفیرییانەوە نەکرد، کە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا وەك باڵ و تەکەتولی جیاجیاو نهێنی ئیشیان دەکرد، وەك هێزی دووی سۆران و بەرەی تەوحیدی ئیسلامی، دواتر جوندولئیسلام و پاشانیش ئەنسارولئیسلام کە هەموو ئەمانە پێشتر بەرلەوەی ئینشیقاق لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا ڕوویدات، باڵ و هێز و گروپە توندڕەوەکانی ناو بزووتنەوەیان پێکدەهێنا. ئەو باڵ و هێز و گروپانەی کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای تیرۆریزم بوون و بەناوی ئایدیۆلۆژیای دینییەوە مومارەسەیان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لە شەڕی بەرەییدا لە دژی هێزە عەلمانییەکان شکستیانهێناو نوخبەیەکی گەورەی ناو سەرکردایەتیی بزووتنەوەش لەژێر گوشاری ئێراندا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گەیشتە ڕێککەوتن و بڕیاری بەشداریکردنی دا لە حکومەتی هەرێم، بڕیاریان دا کە جیاببنەوەو دەست بکەن بە کاری تیرۆریستی و شێواندنی هەرێمی کوردستان.

## ئەنجامگیرییەکان

دوای تەواو بوونی ئەو پێنج تەوەرەی سەرەوە، لە پەیوەندیدا بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانەوە، دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییانە:

1.دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەنها بە لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیای تیرۆریزم و سەرهەڵدانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە هەرێمی کوردستان لێك نادرێتەوە، بەڵکو ئەم کێشەیە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە ئێمە بەو میتۆدە لێی نزیك ببینەوە و بمانەوێت نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین.

2.مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و غەریزیی /سایکۆلۆژی و ڕوحییەو لە بنەڕەتدا دابەش دەبێت بەسەر ئەو ڕەهەندانەی ژیانیدا، بۆیە ئەو بوار و کایانەش کە کاری تێدەکەن، یان کارلێك دەکەن لەگەڵیدا، یان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ئەوەوە هەیە، هەر ئەو بوار و کایانەن کە مرۆڤی وەك بوونەوەرێکی فرەڕەهەند پێی دەناسرێتەوە.

3.سەرەڕای ئەوەی هەموو مرۆڤێك لەناو کایە و گۆڕەپانەکانی وەك سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دۆخی سایکۆلۆژی و ڕوحیدا دەژی، بەڵام لەبەر سروشتی کۆمەڵگە خۆی، کە هەمیشە جیاوازی بەرهەم دەهێنێت، ئەو جیاوازییانە لە هەموو کایە و بوارەکاندا هەن و بە بۆنەی ئەمەشەوە مرۆڤەکان چوونیەك موعەرەز نین ببنە مرۆڤی تیرۆریست.

4.هەر ساتەوەختێکی مێژوویی کە تیایدا زەمینە دەڕەخسێت بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، وابەستەی ئامادەگیی کۆمەڵێك دیاردە و کێشە و قەیران و گرفتە لە بوار و کایەکانی وەك سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری/کارگێڕی، دواتر ڕەنگدانەوەیان لەسەر دۆخی سایکۆلۆژی و ڕوحیی ئینسانەکان.

5.دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی کوردیشدا دەرئەنجامی بوونی کۆمەڵێك کێشە و قەیران و گرفتە، کە لەو کایە و بوارانەدا هەبووە بەتایبەتیش لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین و لەگەڵ سەرهەڵدانی ململانێ سیاسییەکان و ناهەمواربوونی کایەی سیاسەت و بەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی و شەڕە خۆماڵییەکان و تێکچوونی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا.

## بیرۆکە و ڕاسپاردەکان

دوای ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە بۆمان ڕوونبووەوە هۆکارە ستراکتۆرییەکانی دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست چییەو کەی ئەو مێژووەش دەستپێدەکات، کە تیایدا زەمینە خۆشدەبێت بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست، دوای ئەوەی کە دەرکەوتنی ئەو جۆرە مرۆڤەشمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەفسیرکرد و لێکدایەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەر بە دەرکەوتنی ئەم کێشەو دیاردەیە بگرین لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە پێویستیمان بە دانانی نەخشەو پرۆژەو بەرنامەی چاکسازی و گۆڕانکاریی شێنەیی هەیە لە هەموو کایەو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، لێرەدا ئەم بیرۆکەو ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:

1.پێویستە حەرامکردنی هەر جۆرە شەڕێکی ناوخۆی و پەنابردن بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی توندوتیژی لە یەکلاییکردنەوەی ململانێ و جیاوازییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانماندا ببێتە پرەنسیپێکی نەگۆڕ، واتە لە تەکتیك و ئارەزوویەکی کاتی و ناچارییەکی سیاسییەوە وەربچەرخێت بۆ قەناعەتێکی فکری و ئایدیۆلۆژی، لەگەڵ ئەمەدا هەموو هێزێکی ئایدیۆلۆژیش بە تەواوی لە بیرۆکەی بەکارهێنانی توندوتیژی دووربکەوێتەوەو بڕوا بە لۆژیکی دیالۆگی زانستی و بابەتی و دانوستان بهێنێت(48)و گۆڕانکاریی شێنەیی و پلەبەپلە بکاتە میتۆدی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی خۆی.

2.پێویستە دەسەڵاتی داڕشتنی سیاسەت و بڕیار و پرۆگرام لەناو هێزە سیاسییەکانماندا ریفۆرم بکرێت و تەنها لە دەستی نوخبەیەکی دیاریکراودا نەمێنێتەوەو پاوان نەکرێت. بە مانایەکی دی، مەرکەزییەت لەناو دەسەڵاتی سیاسی یان لەناو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانماندا کاڵ بکرێتەوەو کۆنگرەو کۆنفرانس و هەڵبژاردن و ڕێوشوێنە دیموکراتییەکانی دی بکرێتە ئامرازی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە.(49) پێویستە ڕێکخراو و هێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و دیموکراتییەکانی کوردستان، کە کۆمەڵی مەدەنیی کوردی پێکدەهێنن، بپارێزرێن لە دەستتێوەردانی هێز و حزبە سیاسییەکان و سەربەخۆیی ئیرادەو سیاسەت و پرۆژە و بەرنامەکانیان دابین بکرێت، واتە پشتگیریکردن لە کۆمەڵی مەدەنی وابەستەی پشتگیریکردن نەبێت لە هیچ هێزێکی سیاسی لە دژی هێزی سیاسیی دی یان لە دژی دروستبوونی کارایی سیاسی لە دەرەوەی فەزای حزبیدا.

3.پێویستە چەمکی هاوولاتیبوون بخرێتە سەرو هەموو وەلائێکی حزبییەوە، لەم ڕووەوە دەبێ هەموو هاوولاتییەکی هەرێمی کوردستان مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پارێزراوبێت بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتیمای حزبی و سیاسی و بەبێ ئەوەی ملکەچبکرێت بەو ئینتیمایانە وەك مەرجێك بۆ وەرگرتنی مافەکانی.

4.پێویستە پەرلەمانی کوردستان تەفعیل و بەهێز بکرێت و لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکانەوە بگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی کۆمەڵگە، واتە ئەم دامەزراوەیە لە نەزعە حزبییە بەرتەسکەکان پاکبکرێتەوەو ببێتە جێی مشتومڕی ڕاستەقینە لەسەر هەموو مەسەلەو بابەتێك کە پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکی کوردستان و چارەنووسییەوە هەبێت و ببێتە سەکۆی چارەسەرکردنی جیاوازی و ململانێکان بە شێوازێکی شارستانییانە.

5.پێویستە هیچ هێزێك بۆی نەبێت بە ئارەزووی خۆی شەرعییەت بە دەسەڵاتی سیاسی بدات، بەڵکو شەرعییەت و مەشروعییەتی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ملکەچی ئیرادەی گەل و کۆمەڵگە و پرۆسە دیموکراتییەکانی وەك هەڵبژاردن و ڕاپرسی بکرێت و لە کۆبوونەوە داخراو و دوو قۆڵییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکاندا بڕیاری لێ نەدرێت.

6.پێویستە هیچ هێزێك بۆی نەبێت بەناوی ئاین و خوداوە سیاسەت بکات و بکەوێتە تێکەڵاوکردنێکی دەسەڵاتخوازانەی نێوان کایەی سیاسەت و کایەی ئاین، چونکە لەسەر زەویدا هیچ هێزێك نوێنەرایەتیی خوداو فەرموودەو ئایەت و فەرمانەکانی ناکات، کەس ناتوانێت

خۆی بکاتە دەمڕاستی هێزێکی غەیبی و بەناوی ئەم هێزەوە حوکم بەسەر مێژوو و کۆمەڵگەو دنیادا بدات. بە دیوەکەی تردا بۆ هیچ هێزێك نەبێت ڕەهەندی ئاینییانەش بدات بە خۆی و خۆی بە پیرۆز و سەرو لێپرسینەوە لەقەڵەم بدات بەتایبەتیش ئەو هێزانەی کە نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگە دەکەنە بۆنە و بیانوو بۆ تەخوینکردن و لەناوبردن و سڕینەوەی هەر هێزێك کە بەشێوەیەکی دیموکراتییانەو سیاسییانە بەرهەڵستییان بکات.

7.پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی پەروەردەیی و یاسایی و کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە بۆ ریفۆرمکردنی بارودۆخی ئینسانیی ناو خێزانەکان و بایەخی زۆر بەم یەکە کۆمەڵایەتییە هەستیارە بدات، کە وێستگەی یەکەمی پێگەیاندنی مرۆڤەکانە و بەردی بناغەی دروستبوونی کەسایەتیی ئینسانەکان پێکدەهێنێت.

8.پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، قوتابخانە بە هەموو قۆناغەکانییەوە پاکبکاتەوە لەو میتۆد و وانە و سیستمە پەروەردەییەی کە هاندەری توندوتیژین لە هەردوو ئاستە فیزیکی و ڕەمزییەکەیدا، لەم ڕووەوە دەبێ پرۆژەی نوێکردنەوەی پرۆگرام و میتۆدەکانی خوێندن بارگاوی بێت بەو سیستمە پەروەردەییەی کە روحی یەکتر قبوڵکردن و جیاوازی، یان ڕێژەگەرایی و زانستخوازی، یان لێکبووردن و نیشتمان و نەتەوەپەروەری لەناو بیر و هۆشی قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی قۆناغە جیاوازەکاندا بچەسپێنرێت.

9.پێویستە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە میتۆدی خوێندن و مامۆستایانیانەوە پێداچوونەوەی مەعریفی و فێرخوازییانەیان بۆ بکرێت و زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و زانستی ڕۆڵی هەبێت لە بڵاوکردنەوەی کولتووری زانستخوازی لە کۆمەڵگەی کوردی و هەر خۆیشی سەرچاوەیەکی بەهێزی نوێکردنەوەی بونیادی عەقڵی و فکری بێت لە دنیای ئێمە.

10.پێویستە دامودەزگاو سەنتەرو بنکە ڕۆشنبیرییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چاکسازی Riform بکرێن و بخرێنە ژێردەستی ئەو خوێندەوارو ڕۆشنبیرانەی کە توانای جێبەجێکردنی وەزیفە ڕۆشنگەری و مەعریفییەکانیان هەیە لە کۆمەڵگەداو دەتوانن کار بکەنە سەر ڕۆشنبیریی کوردی.

11.پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەروەت و سامانی هەرێم بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبکات و بایەخی تایبەتی بەو سنوور و ناوچانە بدات کە زەرەرمەندی پلە یەکی شۆڕشەکانی کورد بوون و خەڵکەکەی لە دۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ناهەمواردایە، وەك ناوچەو سنوورەکانی گەرمیان و هەڵەبجە.

12.پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەلی کار و ئیشکردن بۆ هاووڵاتییە بێکارەکانی هەرێم بدۆزێتەوە و لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا یان لەو پرۆژانەی ئاوەدانکردنەوەدا کە کۆمپانیاکانی دەرەوە لە هەرێمدا جێبەجێیان دەکەن، دایانبمەزرێنێت.

13.پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ خێزانە هەژار و بێدەرامەتەکانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم دابینبکات و کار بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ئەو نایەکسانییە بکات کە بە شێوەیەکی ترسناك لە ڕووی ژیان و گوزەرانەوە لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە.

14.پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان بدات و ئەو پێداویستییە بنەڕەتییانە دابینبکات کە دەبنە مەرجی مانەوەی هاووڵاتیانی گوندنشین لە گوندەکانیاندا، لە سەرووبانەوە دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵیی جووتیارانی هەرێمی کوردستان.

بێگومان جگە لەو ئەرك و فەرمانانەی کە لەو پازدە خاڵەدا وەك بیرۆکە و ڕاسپاردە دیاریمان کردوون و دەکەونە ئەستۆمان و مەحکومین بەوەی جێبەجێیان بکەین، دەیان ڕیوشوێن و بەرنامەی تریش هەیە کە ئیشکردن لەسەریان و پەیڕەوکردنیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتە چوارچێوەی ئەو پرۆژە ستراتیژییەی



کە ڕێگا لەبەردەم دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگەی ئێمە دەبڕێتەوە، بۆیە بە ئومێدین گەلی کوردیش ببێتە خاوەن سیاسەتێکی عەمەلی و پرۆژەیەکی فرە ڕەهەند و هەمەلایەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم لە هەرێمەکەی خۆیدا.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(25) لەم ڕووەوە دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ سۆسیۆلۆژی عەرەبی د. بورهان غەلیون کە لە شوێنێکدا و لە یەکێك لە کتێبەکانی باس لە ئیشکالییەتی واقیع دەکات و پێی وایە واقیع شتێکی سەربەخۆیەو لە عەقڵ جیادەکرێتەوە، بڕوانە کتێبی- نقد السياسة، الدولة والدين، برهان غليون، ص325 الى 328، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية، بيروت 1993.

(26) ( موسوعة السياسة، د. عبدالوهاب الكيالي، ص310، الجزء الثاني، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الثالثة 1997).

(27) بەکۆمەڵایەتیبوون و سووڕی ژیان، ئەنتۆنی گیدنز، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کۆسار فەتاحی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (42)، ل92، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کانونی یەکەمی 2005.

(28) پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەدالەت عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (3811)، لاپەڕەی کۆمەڵناسی، ڕۆژی 2005/10/27.

(29) موسوعة علم الإجتماع، د. احسان محمد الحسن، ص32و 33، دار العربية للموسوعات، الطبعة الأولى، بيروت 1999.

(30) لەم ڕووەوە بڕوانە وردەکاریی قۆناغی ئازادکردنی روح لە کتێبی (نقد السياسة، الدولة والدين، برهان غليون، ص23 الى 27، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية، بيروت 1993.

(31) موسوعة علم الإجتماع، د. احسان محمد الحسن، ص496 الى 97 ، دار العربية للموسوعات، الطبعة الأولى، بيروت 1999 .

(32) قضية الفلسفة، الفلسفة والدين في المجتمع العربي المعاصر، ص529 دار الطليعة الجديدة، الطبعة الأولي 1998 سوريا.

(33) تیرۆری نێودەوڵەتی، نووسینی: د. ئەحمەد محەمەد ڕەفعەت+ د. ساڵح بەکر ئەلتەیار، وەرگێڕانی: کوێستان جەمال، ل26، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، خانەی وەرگێڕان، 2003.

(34) لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ کتێبی (تیرۆریزم و مافی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە لە دوو کێشەی گەردوونیی سەردەم، عەدالەت عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، 2005).

(35) بۆ نموونە، پرۆژەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم تەواو جیاوازە لە پرۆژەی عیراقی، یەکەمیان جگە لە دانانی نەخشەی ئەمنی و هەواڵگری لەناوخۆداو جگە لە دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پشتگیری لەگەڵ هاوولاتیان و گروپە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکاندا، جگە لە هەڵمەتی گەورەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ئاست دیاردەکەو جگە لە دانانی بودجەو پلانی تایبەتی بۆ ریفۆرمکردنی هەر هۆکارو فاکتەرێك کە ئەنگێزەی توندوتیژیی تیرۆریستییانە لەناو هاوولاتییە ئەمریکاییەکاندا بلاوبکاتەوە، لە دەرەوەی سنوورەکانیشدا شەڕی گروپە تیرۆریستییەکانی جیهان دەکا و فشاری نێودەوڵەتی دەخاتە سەر ولاتان، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە دواجار بوار نەدات هەلومەرجێك بێتە پێشەوە کەسی تیرۆریست لە ناوخۆی ولاتەکەیدا پێبگەێنێت، ئەمە لە کاتێکدا ئاشکرایە پرۆژەی عیراقی پرۆژەی تەنها پشتبەستنە بە دەزگا ئەمنییەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تەنها بە لێشاو دامەزراندنی پۆلیس و ئەمن و سەربازە، ئەمە تەنانەت بەبێ لێپرسینەوە لە توانا و دەستپاکی و دڵسۆزییان بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ولات، لەم ڕووەوە باشترین بەڵگە ئەوەیە لە دوو ساڵی ڕابردوودا گروپە تیرۆریستییەکان توانیوویان لە هەندێ ناوچەی عیراقدا چەندین تۆڕی لایەنگر و پشتیوان لەناو تەنانەت دەزگا ئەمنییەکانی عیراقیشدا بۆ خۆیان دروستبکەن و بیانکەن بە مرۆڤی تیرۆریست، ئەو مرۆڤە تیرۆریستانەی کە هەندێکیان لێ دەستگیرکران و لە میدیاکاندا بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن بە ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێن کە بەشێکن لە هێزە تیرۆریستییەکانی ناو عیراق. پێمان وایە ئەوەی لە واقیعی عیراقیشدا ژیابێت، یان چاودێریی هێزێکی گەورەی وەکو ئەمریکای کردبێت، ئەوە هەر زوو ئەم بەراووردکردنە تێدەگات و سەرچاوە کولتوورییەکانی جیاوازیی پرۆژەکان دەبینێت.

(36) لەم ڕووەوە بڕوانە کتێبی تیرۆری نێودەوڵەتی، نووسینی: د. ئەحمەد محەمەد ڕەفعەت+ د. سالح بەکر ئەلتەیار، وەرگێڕانی: کوێستان جەمال، ل25، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، خانەی وەرگێڕان، 2003.

(37) لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ گفتوگۆیەك کە شوان ئەحمەد لەگەڵ بەختیار عەلی-ی نووسەردا سازیکردووە لە کتێبی (گفتوگۆکان)، بەشی یەکەم، ل13و14و15 لە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانیی سلێمانی، زنجیرە 41، 2004 سلێمانی.

(38) لەم ڕووەوە سۆسیۆلۆژی فەرەنسیی کۆچکردو پیار بۆردیۆ لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی (عەقڵە کردارییەکان) لەبنەڕەتدا وەها خێزان پێناسە دەکات کە تەنها وشەیەکە فەرمانکردن و خۆلادان بەرجەستە دەکات، واتە زمانێکە خۆی لە پەیوەندییەکانی دەستبەسەرداگرتندا دەبینێتەوەو بگرە تەنها واقیعێکی کۆمەڵایەتیی دروستکراوە، لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی: أصنام النظرية وأطياف الحرية، نقد بورديو وتشومسكي، علي حرب، ص19،المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، بيروت 2001.

(39) لەم ڕووەوە دەروونناسی گەورەی ئەڵمانی ئەریك فرۆم پێی وایە: خود ڕقی لە هەموو ئەو شتانەیە کە سەرچاوەی هەستێکی ناخۆشن، خود لەوانە بێباکەو بە مەبەستی لەناوبردنیان بە دوویان دەکەوێت بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکات ئایا ئەوانە بەمەبەستی ناکامکردنی خۆشنوودیی جنسی یان تێرکرنی پێداویستییەکانی پاراستن لە خود دەبن یان نا، بڕوانە: پەرەسەندنی تێڕوانینی فرۆید بۆ توندوتیژی و وێرانکاری، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی،

ل168، گۆڤاری سەردەم، ژمارە:9، حوزەیرانی 2000.

(40) لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو شیکردنەوەیەی کە بیرمەندی لوبنانی عەلی حەرب بۆ تیۆرەکەی سیگمۆند فرۆید–ی گەورە دەروونناس دەیکات، ئەو تیۆرەی کە دەزگای سایکۆلۆژی مرۆڤ دابەشدەکات بەسەر (ئەو) و (من) و (منی باڵا)دا، بڕوانە: أسئلة الحقيقة ورهانات الفكر، الحق يشهد للحقيقة، فرويد والقرآن،ص101و102، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، 1994 بيروت.

(41) فرۆید لە کتێبی سێ وتار لە بارەی تیۆرەی جنسییەوە پێی وایە ئەنگیزەکانی توندوتیژی لەو سەرچاوانەوە هەڵدەقوڵێ کە لە ڕاستیدا لە ئارەزووی جنسیی سەربەخۆن، بەڵام لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا لەگەڵیدا یەك دەگرێت، بڕوانە: پەرەسەندنی تێڕوانینی فرۆید بۆ توندوتیژی و وێرانکاری، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی، ل167، گۆڤاری سەردەم، ژمارە:9، حوزەیرانی 2000.

(42) فرۆید لە وتاری "مەسەلەی ئابووریی ماسۆشیزم"دا کە لە ساڵی 1924دا نووسیویەتی، غەریزەی توندوتیژی و وێرانکاری پەیوەست دەکات بە غەریزەی دەسەڵاتداری و ئیرادەی ڕوو لە هێز، بڕوانە: پەرەسەندنی تێڕوانینی فرۆید بۆ توندوتیژی و وێرانکاری، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی، ل167، گۆڤاری سەردەم، ژمارە:9، حوزەیرانی 2000.

(43) لەم ڕووەوە جۆن دۆلارد پێی وایە شەڕانگێزی هەمیشە ئەنجامی ناکامبوونە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر خەڵك ناکام نەکرێن شەڕانگێز نابن، یان بە گوزارشتێکی تر شەڕەنگێزی لە سروشتی مرۆڤدا بۆماوە نییە، بڕوانە: سروشتی توندوتیژی، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە: 7، ل79، کانونی یەکەمی 2005.

(44) ئەریك فرۆم لە وتارێکدا کە تیایدا جۆرەکانی شەڕەنگێزی لێك جیادەکاتەوە، لە باسکردنی شەڕەنگێزیی کاردانەوەییدا پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاماژە دروستکەرەو پێویستی بەوەیە خۆی لە ژیاندا بسازێنێت، ئەوەش بە هەڵبژاردنی چەند بەهایەك، ئەندێشەیەك و کەسێك و چەند دامودەزگایەك وەك ئایدیاکەی یان هۆزەکەی یان دایکی یان نەتەوەکەی یان هەر شتێکی تر (دیارە ئاینیش یەکێکە لەو شتانە: لێکۆڵەر) و تەماشاکردنیان وەکو شتی پیرۆز بە جۆرێك کە ناتوانێت بە دەستبەرداربوونی ئەوانە بژی، لای فرۆم بۆ ئەو مرۆڤەی ئەو سیمبولانە دروستدەکاو پیرۆز تەماشایان دەکات، لە ڕوانگەیەکی سایکۆژییەوە گرنگ نییە ماقوڵن یان نا، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بەلای ئەوەوە پێویستن بۆ ئەوەی بژی پارێزگاری لە هاوسەنگیی دەروونی خۆی بکات، بۆیە هێرش کردنە سەر ئەو سیمبولانە، لە دیدی فرۆمدا، دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕەنگێزی ببێتە کاردانەوە.

(45) لە بەشی زۆری ناکۆکی و ململانێ و شەڕە نێوخۆییەکانی نێوان هێزە کوردییەکانماندا، هێزی دەرەکی، ئیقلیمی بووبێت یان نێودەوڵەتی، لە بەرژەوەندیی خۆی بووبێت یان بۆ هەر مەرامێکی دی، ڕۆڵی هەبووە لە کۆکردنەوەی هێزە ناکۆکەکانمان لەسەر مێزی گفتوگۆ، لە بەرامبەردا نە پەرلەمانی کوردستان و نە خۆپیشاندان و نە مانگرتن و نە ناڕەزایی خەڵك و نە بەیاننامەو میانگیریی هیچ هێزێکی کوردی و کۆمەڵگەی کوردەواری نەیانتوانیوە بەر بەو جەولە یەك لە دوای یەکانەی شەڕی ناوخۆ یان ململانێی توندی حزبایەتی لە کوردستاندا بگرێت، ئەوەش بەڵگە بوو بۆ یەکتر قبوڵنەکردنی هێزەکانمان لەو قۆناغە شوومانەی کۆمەڵگەی کوردی.

(46) لەم ڕووەوە بڕوانە ڕەخنەکانی نووسەر بەختیار عەلی لەم سێ ئایدیۆلۆژیایە لە واقعی کوردیدا لە کتێبی: گفتوگۆکان، بەشی یەکەم، شوان ئەحمەد،

ل9و10، له كتێبه چاپكراوەكانی شارەوانیی سلێمانی، زنجیره 41، 2004 سلێمانی.

(47) تأملات في فكر برهان غليون، عن الإسلام والسياسة والحداثة المغدورة، مجلة النهج، د.جواد بشارة، ص250، العدد16، خريف 1998.

(48) ئەگەر ئەم جۆره لۆژیكه له دیالۆگ ئامادەگیی نەبێت، ئایدیۆلۆژیاكان له چەقبەستن و دۆماتیزمێكی بەردەوامدا دەژین و هیچ پەیوەندییەكیان به واقیعەوه نامێنێت و هیچ نوێبوونەوەو گۆڕانكارییەكی گەورەش بەسەریاندا نایەت.

(49) یەكێك له هۆكاره سەرەكییەكانی دروستبوونی گروپه تیرۆریستییەكانی وەك حەماس و بەرەی تەوحیدی ئیسلامی و پاشان جوندولئیسلام دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی كه ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی (عەلی عەبدولعەزیز) به ئەنجامەكانی كۆنگرەی مانگی 8ی بزووتنەوه ڕازی نەبوو، چونكه كوتلەكەی خۆی شكستی هێنا، ئەمەش بووه هۆی ئینشیقاق و لێكجیابوونەوەی باڵەكانی ناو بزووتنەوه و بیانووی زیاتر بۆ گەشەكردنی توندڕەوی و توندتیژیی گروپه جیاوازەكان و پەیڕەوكردنی ڕێبازی تیرۆریستانه، لەم بارەیەوه بڕوانه: جند الاسلام فی كوردستان، كێن و چییان دەوێت؟ نیاز سەعید عەلی، كوردستانی نوێ، ژمارەی ڕۆژی 2001/10/2.

